# بۆ ئەوەی هەستی پێ بکەین، تاریک داهات!

# بۆ ئەوەی هەستی پێ بکەین، تاریک داهات!

سێینە

نووسینی دانا ڕەئووف

٢٠١٩

بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، تاریک داهات!
نووسینی: دانا ڕەئووف
بابەت: دەقی شانۆیی
دیزاینی ناوەوە: خەبات عارف
دیزاینی بەرگ: محەمەد زاری
تیراژ: ١٠٠٠
نرخ: ٣٠٠٠
چاپی یەکەم: ٢٠١٩
لە چاپخانەی یاد لە چاپ دراوە.

لە بڵاوکراوەکانی گروپی شانۆی گۆدۆ
ژمارە -١-

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٥٤)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

ISBN 978 – 91 – 639 – 8914 – 8

هیچ کەس و گروپ و لایەنێک، بەبێ پرس و مۆڵەتی نووسەر، بۆی نییە کار لەم دەقانەدا بکات.

پێرست

ئەم خۆشەویستییە هەر ڕۆژەی پارچەیەکم دەبات
ژنی سەر جۆلانەکە
من و تۆ لەگەڵ بادا
لەگەڵ بادا بڕۆ
دەتدەمە دەست با
لەگەڵ بادا وەرە
بە تەنیا لەگەڵ بادا

# ئەم خۆشەویستییە هەر ڕۆژەی پارچەیەکم دەبات

دەقێکی شانۆیی لە سێ دیمەندا

**کارەکتەرەکان**

ژن
پیاو
کچێک

**دیمەنی یەکەم**

**ژن**

نامەوێت کتێبەکەت بخوێنمەوە.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات)

ناتەوێت؟

**ژن**

نا، نامەوێت!

**پیاو**

بۆ ناتەوێت؟

**ژن**

نامەوێت.

(وچانێکی کورت)

ئەو کتێبەیان ناخوێنمەوە. ئەو کتێبەت بە من نامۆیە و نامەوێت بیخوێنمەوە.

**پیاو**

من حەز دەکەم بیخوێنیتەوە.

**ژن**

نا، بەڵێنم بە خۆم داوە، کە ئەو کتێبەت نەخوێنمەوە.

**پیاو**

(پێدەکەنێت)

تۆ بەهەڵە حاڵی بوویت.

**ژن**

نامەوێت لە دەرەوەی خۆم تۆ بناسم.

**پیاو**

لە دەرەوەی خۆت، مەبەستت چییە؟

**ژن**

(بێدەنگی)

**پیاو**

لە دەرەوەی خۆت؟

**ژن**

بۆ لەوێدا وەستاویت؟

**پیاو**

لە کوێدا؟

**ژن**

لەوێدا. ئەوەتەی هاتویت لەوێدا وەستاویت.

**پیاو**

نازانم، خۆ دەبێت لە شوێنێکدا هەر بوەستم.

(وچانێکی کورت)

یان دانیشم.

**ژن**

چاوەڕێی شتێکیت؟

**پیاو**

نەخێر.

**ژن**

(پێدەکەنێت)

**پیاو**

نازانم.

(سەیری ژنەکە دەکات)

بە چی پێدەکەنیت؟

**ژن**

(دەیەوێت بڕوات)

من دەڕۆم.

**پیاو**

مەڕۆ، تکات لێ دەکەم، مەڕۆ. هەندێک جار هەست دەکەم دەترسم. زۆر تەنیاشم.

**ژن**

لە چی دەترسیت؟

**پیاو**

کە باوکم مرد هێشتا تەمەنی نەبووبووە پەنجا ساڵ. ئێستا من بیست ساڵ لەو بەتەمەنترم، کەچی هێشتا لەسەر ئەوە ڕانەهاتووم.

**ژن**

لەسەر چی ڕانەهاتوویت؟

**پیاو**

کە باوکم زۆر لە من گەنجترە!

**ژن**

دەزانی هەندێک جار بەپێی پەتی دەچمە دەرەوە بۆ باخچەکە، تەنها بۆ ئەوەی هەست بە خاک و خۆڵەکەی ژێر پێم بکەم. زۆرجار بە شەو ڕادەپەڕم، یان لە نیوەشەودا خەبەرم دەبێتەوە و وا دەزانم گوێم لە دەنگی مۆسیقایە، کە پەنجەرەکەیش دەکەمەوە، تەنها دەنگی بایە.

**پیاو**

با؟

**ژن**

بەڵێ، با. نەرمەبایەک.

(وچانێکی کورت)

لە بادا بۆنی تۆم بۆ دێت.

**پیاو**

با؟ دیسانەوە با!

**ژن**

تۆ لە بادا هەیت.

(بێدەنگی)

لەگەڵ بادا دێیت.

**پیاو**

هەست بە تەنیاییەکی کوشندە دەکەم.

**ژن**

ئەوە نییە من لێرەم. لای تۆ.

(سەیری پیاوەکە دەکات)

لەگەڵ تۆم.

**پیاو**

هیچ کەسێک شایەنی ئەم تەنیاییە نییە.

**ژن**

ئەمڕۆ بارانێکی زۆر باری.

**پیاو**

لەبیرتە دیمەنی بارانەکەت بۆ گرتبووم، بە تەنیا لە شەقامێکی پڕ لە خەڵکدا ڕاتدەکرد. تۆ چەترت پێ نەبوو، ئەوانەیشی بە شەقامەکەوە بوون، لەو گرتە ڕاگوزارەی بۆ منت ناردبوو، حاڵی نەدەبوون.
هەموو کەس بۆی هەبوو بەو شەقامەدا بڕوات.

(وچان)

من نەبێت.

**ژن**

دەبوو لەو ساتەدا لەگەڵ من بوویتایە.

**پیاو**

کام سات؟

**ژن**

کە بارانەکە دەباری.

**پیاو**

لە ژێر بارانەکەدا؟

**ژن**

(غەمگین دیارە)

دەبوو، تۆ شاهێدی ئەو بارانبارینە بوویتایە.

**پیاو**

دڵۆپەکانی لەسەر ڕووخسارت دەخزان. لە وێنەکەدا دیار بوون.

**ژن**

(بێدەنگی)

**پیاو**

دڵۆپەکان لەسەر ڕووخسارت دەخزان.

**ژن**

چی لە مندا دەبینیت؟

(نائارام دیارە)

چیت لە من دەوێت، بۆ وازم لێ ناهێنیت؟

**پیاو**

لە تۆدا؟

**ژن**

بەڵێ لە مندا!

**پیاو**

(بێدەنگی)

**ژن**

بۆ وازم لێ ناهێنیت؟

**پیاو**

تەنها تۆم دەوێت. لە تۆدا بۆ تۆ دەگەڕێم.

**ژن**

گوتت چی؟

**پیاو**

لە تۆدا بۆ تۆ دەگەڕێم.

**ژن**

من لە خۆمدا بۆ تۆ دەگەڕێم.

(وچانێکی کورت)

دەزانی لای من خۆشترین شت چییە؟

**پیاو**

(بێدەنگە)

**ژن**

هەنجیرە.

**پیاو**

هەنار؟

**ژن**

نا، هەنجیر. ئاخر زۆر خۆشە. حەز دەکەم ئێوەیش حەزی لێ بکەن.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات)

**ژن**

لانیکەم ڕقتان لێی نەبێت.

(بێدەنگی)

دەزانی کە منداڵ بووم، دارهەنجیرێک لە حەوشەکەماندا بوو. لە سووچێکی حەوشەکەدا. زۆر گەورە بوو.

(پێدەکەنێت)

هەمیشە پێیدا هەڵدەگەرام و تێرم دەخوارد. هەندێکیشم لێ دەکردەوە و دەمهێنایە خوارەوە. دوایی هەموو

لەشم دەهاتە خورو. دایکم دەیگوت دارهەنجیر موبارەکە. من پێدەکەنیم و شێتانە خەریکی خوراندنی دەست و سک و پشتم دەبووم.

**پیاو**

چی موبارەکە؟

**ژن**

دارهەنجیرەکە.

**پیاو**

دارهەنجیر، بۆ دەبێت موبارەک بێت؟

**ژن**

(پێدەکەنێت)

نازانم. کەچی دوایی بڕییانەوە.

(وچانێکی کورت)

گوتیان گەورە بووە و حەوشەکە پیس دەکات.

**پیاو**

کەس نەیدەویست گوێ لە من بگرێت.

**ژن**

گوتت چی؟

**پیاو**

کەس نەیدەویست گوێ لە من بگرێت.

**ژن**

من گوێم لێ دەگرتیت.

(وچانێکی کورت)

من هەمیشە گوێت لێ دەگرم.

**پیاو**

تەنانەت کەڕ و لاڵەکانیش دەیانەوێت کەسێک گوێیان لێ بگرێت.

(وچان)

کەسانێک گوێیان لە دەنگیان بێت.

(بە تووڕەییەوە)

مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە دەنگی ببیسترێت.

**ژن**

تۆ...

**پیاو**

من چی؟

**ژن**

تۆ نەتویستووە قسە بۆ من بکەیت!

**پیاو**

(ڕوو وەردەگێڕێت)

**ژن**

هەمیشە پشتت کردۆتە من و ڕاتکردووە.

**پیاو**

ئەو دەنگانەی لە ناوەوەمدا دەلەرزین و دەجووڵانەوە، ئەو دەنگانەی دەگەڕان بە دوای شوێن و کەسەکاندا، بەرەو شوێنە دیار و نادیارەکانیان دەبردم و ئەشکەنجەیان دەدام. لەگەڵ خۆم و هەستە ناخۆشەکانی خۆم بە جێیان دەهێشتم.

(بێدەنگی)

هەست بە تەنیاییەکی ناخۆش دەکەم.

**ژن**

ئەوە نییە من لێرەم. لای تۆ. لەگەڵ تۆم.

**پیاو**

هیچ کەسێک شایەنی ئەم تەنیاییە نییە.

**ژن**

با برۆین.

**پیاو**

بابڕۆین

(هیچیان ناجووڵێن)

**پیاو**

ئەو ترسەی خۆمان لەگەڵ خۆمان و ئەوانی تردا...

(لەپڕ دەوەستێت و پشت دەکاتە ژنەکە)

**ژن**

ترسی چی؟

**پیاو**

(ڕوو دەکاتەوە ژنەکە)

لەوەی خۆمان بە نامۆیی ببینینەوە. هەرچەندە ئەو دەنگانە ڕەق و توندیش بن و بێزار و غەمبارمان بکەن، نابێت پشتیان تێ بکەین؛ چونکە ئەوانە دەنگە ڕاستەقینەکانی ناوەوەی خۆمانن. نابێت هەوڵی گۆڕینی ئەو دەنگە قووڵانە بدەین، کە وەک

مۆسیقایەکی تراجیدی لە ناوەوەماندا ڕیتمی ژیانمان ڕادەگرن.

**ژن**

ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنها ئەو هیوایەیە، کە ڕۆژێک دادێت، هەموو شتێک بگۆڕێت، ئەوسا خۆت لە بەردەم دنیایەکی باشتردا دەبینیتەوە.

**پیاو**

من پشتم کردە تۆ.

(وچانێکی کورت)

چەندان جار پشتم تێکردیت، بەڵام هەر تۆ ئامێزت بۆ کردمەوە.

(بێدەنگی)

تۆ نە خەون بوویت، نە ڕاستی، تەنها گوڵێک بوویت بە دیوارەکانەوە.

**ژن**

(پێدەکەنێت)

گوڵ. گوڵی چی؟

**پیاو**

وەک قارچک بە دەروونی منەوە هەڵتۆقی بوویت، کە بەندیخانەئاسا چوونەدەرەوەیان لێ قەدەغە کردبووم. ئەو دنیا بێدەنگ و ساردەی تێیدا دەژیام، تەنها شتێکی ڕێگاپێدراو بوو، تەنها خیانەتێکی درێژخایەن بوو لە خۆم، لە تۆ و لەوانی تریش.

**ژن**

قارچک؟
(پێدەکەنێت)
**پیاو**
تەنها خیانەتێکی درێژخایەن بوو لە خۆم، لە تۆ و لەوانی تریش.
**ژن**
تۆ ئەمڕۆ شپرزە دیاریت؟
**پیاو**
چیی تر نەمدەتوانی بنووسم. گۆشەگیریم هەڵبژارد بوو. ڕۆژ بە ڕۆژ لە بێدەنگی و یاریکردن بە ئاگر نزیک دەبوومەوە. خۆم نەبووم.
**ژن**
(سەیری پیاوەکە دەکات)
ئەی کێ بوویت؟
**پیاو**
(وەک ئەوەی قسە بۆ خۆی بکات)
بێ ئارام بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕام، چارەسەرێک نەبوو، ئەوەی ڕووبەڕووی دەبوومەوە، هەنگاوێکی تر بوو بۆ...
(قسەکەی تەواو ناکات)
(بێدەنگی)
**ژن**
بۆ چی؟
**پیاو**

بۆ...
(وچان)
**ژن**
(بە تێڕامانەوە سەیری پیاوەکە دەکات)
بۆ چی؟
**پیاو**
بۆ دوورکەوتنەوە لە تۆ و نزیکبوونەوە لە خیانەتەکانم.
(ڕووناکی گۆڕانکاری بەسەردا دێت)
(دەنگێک لە دوورەوە دێت، دەنگێکی بەهێزی نادیار)
(بێدەنگی)
ئەوە چی بوو؟
**ژن**
چی؟
**پیاو**
(سەیری چواردەوری خۆی دەکات)
(بێدەنگی)
گوێم لە دەنگێک بوو!
(وچانێکی کورت)
لە دەنگی کەسێک دەچوو بگری.
(وچان)
**ژن**
(دوور دەڕوانێت، وەک ئەوەی گوێ بۆ دەنگەکە ڕادێرێت)
دەترسم.
**پیاو**

با بڕۆین.

(بێدەنگی)

هەست بە تەنیاییەکی کوشندە دەکەم.

**پیاو**

(بە سۆزەوە سەیری ژنەکە دەکات)

ئەوە نییە من لێرەم. لای تۆ. لەگەڵ تۆم.

**ژن**

هیچ کەسێک شایەنی ئەم تەنیاییە نییە.

**تاریکی**

**دیمەنی دووەم**

**پیاو**

ئەوەتەی هاتووم، لێرەدا وەستاوم.

(بێدەنگی)

**ژن**

چ خەونێکی سەیرم بینی.

**پیاو**

لەگەڵ منت بوو؟

**ژن**

بۆ لەوێدا وەستاویت؟

**پیاو**

گوتت چی؟

**ژن**

خەونێکی سەیرم بینی.

**پیاو**

خەون؟

**ژن**

(سەیری پیاوەکە دەکات)

(وچانێکی کورت)

**پیاو**

بە منەوە؟

**ژن**

کچێکی گەنج لە تەنیشت پیاوێکەوە نووستبوو. پیاوەکە لە تۆ دەچوو، بەڵام تۆ نەبوویت.

(وچان)

**پیاو**

دڵنیای من نەبووم؟

**ژن**

کچەکە لە پڕ چاوەکانی کردەوە، گوێی لە کەسێک بوو، دەنگێک دێت، نەیزانی دەنگی کێیە؟ کچەکە لە جێگەی خۆی هەستا، سەیرێکی پیاوەکەی کرد، کە لە تەنیشتییەوە نووستبوو، بە هێواشی بە ژوورەکەدا ڕۆیشت و نائارام بوو. دوای دەنگەکە کەوت.

(وچانێکی کورت)

بە دوای دەنگەکەدا گەڕا. لە ژووری نووستنەکە چووە دەرەوە بۆ نهۆمی سەرەوەی ماڵەکە، لەوێشەوە چووە ژوورێکی گەورە، ژوورێکی نیمچە تاریک، سەیری چواردەوری خۆی کرد و لە دیوارەکان نزیک بووەوە. دیوارەکان شەقیان بردبوو و درزی درێژ، لە سابیتەکەوە بەرەوخوار بە دیوارەکەدا هاتبوو. کچەکە دەستی خستە سەر درزەکانی دیوارەکە، هەستی کرد، دەنگەکە لەو درزانەوە دێنە ماڵەکەوە. ترس دایگرت و جووڵەی نەکرد. لە

دیوارەکە چووە پێشەوە و خۆی پێوە نووساند، ویستی ڕێگا لە دەنگەکان بگرێت. بە هەستێکی نائارامەوە ڕۆح و جەستەی بە درزەکانی دیوارەکەوە نووساند. کچەکە ویستی درزەکان بە جەستە ساردەکەی، بە رۆحە نائارامەکەی و بە یادەوەرییەکانی بگرێت. لەپڕ دەستی کرد بە گریان. بەدەم هەنسکەوە گوتی "پڕ پڕ بووم لە برین."

(بێدەنگی)

**پیاو**

وا باشترە من بڕۆم.

(سەیری ژنەکە دەکات)

**ژن**

ئەو کچە دەیویست ماڵێک لە بێدەنگیدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، دنیایەک لە بێدەنگی تا حەزەکانی خۆی تیا بشارێتەوە، ڕێگا لە دەنگەکان بگرێت، کە دەیانویست لە درزی دیوارەکانەوە بخزێنە ژوورەوە.

**پیاو**

کام کچ؟

**ژن**

(سەیری پیاوەکە دەکات)

ئەم خۆشەویستییە هەر ڕۆژەی پارچەیەکم دەبات.

(وچان)

**پیاو**

کێ وای گوت؟ خۆشەویستی چی؟

**ژن**

کچی ناو خەونەکەم وایگوت.

(سەیرێکی پیاوەکە دەکات، پێدەکەنێت)

ئەم خۆشەویستییە هەر ڕۆژەی پارچەیەکم دەبات.

(وچانێکی کورت)

خەوێکی سەیر بوو!

**پیاو**

ئەمڕۆ زۆر بیرم کردیت، دوو بەیانییە هەر کە خەبەرم دەبێتەوە، یەکەم شت بە خەیاڵمدا دێت، تۆیت.

**ژن**

هەرگیز باڵندەیەکی زیندووت گرتووە بە دەستەوە؟

**پیاو**

باڵندە؟

**ژن**

بەڵێ باڵندە.

**پیاو**

(بە بزەیەکی پڕ لە نهێنیئامێزەوە سەیری ژنەکە دەکات)

بەڵێ، گرتوومە بە دەستمەوە. کە منداڵ بووم زۆر هاروهاج و عەجول بووم، چۆلەکەم بە گوێسوانەی ماڵەکانەوە نەهێشتبوو.

**ژن**

ئەرێ، وەلێ لەناو خوێنەکەتدا...

(وچان)

لەناو جەرگ و دڵتدا.

**پیاو**

هەستێکی سەیرم هەیە، هەست دەکەم، تەنانەت لە خەویشدا لەگەڵ منن.

**ژن**

(دوور دەڕوانێت)

کچەکە وایگوت.

**پیاو**

کچ، کچ کێیە؟

**ژن**

ئەو کچە گەنجەی خەونم پێوە بینی. لەوە دەچوو دووگیان بێت. باڵندەیەکی زیندوو لەناو سکیدا بێت و لە شتێک بترسێت. دەنگێک لە دەرەوە، درزی دیوارەکان، پیاوە نووستوەکەی تەنیشتی...

(وچانێکی زۆر کورت)

هەموو شتێک ئەویان دەترساند.

(بێدەنگی)

سەیرە، ئەو کچە وەک کەسێکی نامۆ هاتە بەرچاوم، بەڵام لە کەسێک دەچوو، زۆر نزیکی من بێت.

**پیاو**

کچ کێیە؟

**ژن**

(پێدەکەنێت)

**پیاو**

ئەمڕۆ هەموو شتێکم بیر دەچێتەوە، هیچم لە بیر نییە و نازانم چی بکەم. تێناگەم و نازانم بە تەواوی من لە کوێم.

(وچان)

شەو درێژە و هەر تەواو نابێت.

**ژن**

دەزانی منیش وەک کچی خەونەکەم، ترسێک دایگرتووم. دەترسم. هەست دەکەم سەرمامە.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات، وەک ئەوەی بیر بکاتەوە)

لە چی دەترسیت؟

**ژن**

(سەیری پیاوەکە دەکات، بە دوودڵی و نائارامییەوە)

لەوە دەترسم، بەیانییەک خەبەرم بێتەوە و هیچ لە مێشکمدا نەمابێت. هیچم بیر نەمابێت. هەست بە جێگاکەم، بە ژوورەکەم، بە پەنجەکانم نەکەم. زۆر دەترسم سەرم هیچی تیادا نەمابێت، گوێم لە دەنگی خۆم نەبێت، هەست بە جەستەی خۆم نەکەم. تاریکی شەو و تیشکی ڕۆژ نەبینم، هەست بە لێدانی دڵم نەکەم، هەموو شتێک لە جەستەمدا گۆڕابێت.

(وچان)

دەترسم گوێم لە بێدەنگیی خۆم نەبێت.

(بێدەنگی)

زۆر دەترسم هەست بە مەرگی خۆم نەکەم.

(وچانێکی کورت)

لەو کەسانە دەترسم، کە دەیانەوێت بێنە نێوانمانەوە.

**پیاو**

کە مرۆڤ دەمرێت، جەستەی زۆر قورس دەبێت. ژیان خۆی ئاسانە، نابێت ڕێگا بە هیچ کەسێک بدەین بۆمان قورس بکات.

**ژن**

ئێمە پێویستە فێری ئەوە بین بمرین، بۆ ئەوەی بتوانین بژین.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات)

بۆ وا دەڵێیت؟

**ژن**

من وا ناڵێم، فەیلەسووفێک وایگوتووە!

(پێدەکەنێت)

**پیاو**

فەیلەسووف؟

**ژن**

بەڵێ فەیلەسووف.

**پیاو**

دەبێت خۆت لەسەر ئازاری ژن ڕابهێنیت، تا بتوانیت لەگەڵی بژیت.

(بێدەنگی)

**ژن**

(گۆرانی دەڵێت)

دەست دەخاتە بەر تریفەی مانگەشەو

بۆ ئەوەی بزانێت

هەر خۆی شاژنی شەوە

کەچی لە خەونیشدا

خیانەتی لێ دەکرێت!

**پیاو**

ژیان لەگەڵ تۆ چەندە خۆشە.

**ژن**

(بە گومانەوە سەیری پیاوەکە دەکات)

لەگەڵ من؟

**پیاو**

چی لەگەڵ تۆ؟

**ژن**

ئازارەکانی من و چێژەکانی تۆ.

**پیاو**

(پێدەکەنێت)

ئەی ئەمە قسەی چ فەیلەسوفێکە؟

**ژن**

(وەک ئەوەی بۆ خۆی قسە بکات)

کە منداڵ بووم، ژنێکی دراوسێمان هەبوو. ئەم ژنە عاشقی مێردەکەی بوو، سێ منداڵیشیان هەبوو، ئەم ژنە پەروەردەی دەکردن و مێردەکەی هیچ حەقی بەسەریانەوە نەبوو. بە ڕۆژ کە دەهاتە دەرەوە، ئەم

منداڵانە وەک بێچووە قاز بەدوایەوە بوون. کە دەگەیشتە سەری کۆڵانەکە و ئێمەی دەبینی، دەوەستا، دەستی دەکرد بە گیرفانەکانیدا و هەندێک نوقووڵ و شیرینی دەردەهێنا و دەیدایني. هەمیشە پێدەکەنی، دڵی خۆش و زۆر کەم قسەی دەکرد.
(بێدەنگی)
لەپڕ مێردەکەی بەجێیهێشت و هەرگیز نەگەڕایەوە. ژنە ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز دەبوو، نەخۆش کەوت و کەوتە سەر جێگا و لە پێ کەوت و وایلێهات خەڵک خێریان پێدەکرد. چیی تر نەیدەتوانی ڕێ بکات و جەستەی بە تەواوی وشک بووەوە.
(وچان)
مێردەکەی هەر نەگەڕایەوە.

**پیاو**

زۆرجار کات ون دەبێت. خۆشەویستییش، بەڵام یاد و بیرەوەریی یەکەم خۆشەویستی هەر دەمێنێت.
(وچان)
ئەم شەو چ بارانێک باری!

**ژن**

بە باوە.
(بیر دەکاتەوە)
ژیان لەگەڵ کەسێکی تر و بۆ کەسێکی تر ترسناکە.

**پیاو**

گوتت چی؟

**ژن**

مرۆڤ دەبێت ئاگای لە تواناکانی خۆی بێت، کە زیاتر چوویتە تەمەنەوە لەمە دەگەیت.

(وچان)

بیر لە ژنە دراوسێکەمان دەکەمەوە.

(وچانێکی کورت)

دایکم بۆی گێڕاینەوە، کە ژنە دراوسێکەمان وایگوتووە. بە قووڵی چاوی بڕیووەتە ناو چاوی دایکمەوە و گوتوویەتی: ژیان، هەمیشە بۆ کەسێکی تر ترسناکە. دایکم گوتی هەستم دەکرد ئەو ژنە ڕاستگۆیە.

(وچان)

ڕاستگۆییەک لەوەوبەر لە سیمای هیچ کەسێکی تردا نەمبینیبوو.

(وچان)

دایکم وایگوت. ئەمەیش یەکێکە لە یاساکانی ژیان.

**پیاو**

ئەی ژنەکە؟

**ژن**

کام ژن؟

**پیاو**

ژنە دراوسێکەتان؟

**ژن**

نازانم. من منداڵ بووم. دایکم بۆی گێڕاینەوە، کە چی بەسەر هاتووە و چۆن بە تەنیا و بێکەس مردووە.

**پیاو**

دوو شەوە لە خەوندا لێم ون دەبیت و ناتدۆزمەوە.

**ژن**

ڕەنگە مرۆڤ تەنیا لەڕێی مەرگەوە بە ئازادی بگات.

(وچان)

ئەو غەمبارییەی لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو، بە تەواوی ڕووخساری داپۆشیبوو. دوایی بەرگەی نەگرت و مرد. ئەو ژنە لەگەڵ مەرگ قسەی دەکرد، تا خۆی بوو بە مەرگ، ئەو خۆی لەگەڵ تەنیایی ڕاهێنا، کە مێردەکەیشی نەهاتەوە، خۆی لەگەڵ مەرگ ڕاهێنا.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات و لێی دەچێتە پێشەوە)

بیرکەوتنەوەی شتە ناخۆشەکان خۆش نییە، بەڵام ناخۆشتر ئەوەیە، کە هیچت بیر نەکەوێتەوە.

**ژن**

(پێدەکەنێت و لە پیاوەکە دووردەکەوێتەوە)

**پیاو**

کەس لە کاتێکی زانراودا نامرێت، هەموو زوو یان درەنگ دەمرین.

**ژن**

زۆر کات دڵخۆشم دەکەیت، هەست دەکەم کەسێکی ترم. هەندێک کاتی تریش لێم تووڕە دەبیت و دنیام لێ تاریک دەکەیت.

**پیاو**

(بە سەرسووڕمانەوە)

من؟

(بێدەنگی)

تۆ بۆ من ئازارێکی خۆشیت!

**ژن**

من لە نادیارەکان ناترسم...

(وچانێکی کورت)

هێندەی لەوانە دەترسم کە دەیانبینم، لە شتە نادیارەکان ناترسم، تۆ بەپێچەوانەوە لە شتە نادیارەکان دەترسیت.

**پیاو**

ئێمە هەمیشە لێرە، لەم شوێنەدا وەستاوین.

**ژن**

لێرە؟

**پیاو**

بەڵێ.

**ژن**

ئێرە کوێیە؟

(وچان)

شوێنێکە، ئێمە دەبێت لە شوێنێک بین، تەنانەت ئەگەر لە شوێنێکی...

(لە قسەکردن دەوەستێت و سەیری چواردەوری خۆی دەکات)

شوێنێک، ئەگەر چی بەپێی حەزی خۆشمان دیاری نەکەین، لە کاتێکی دیاریکراودا، کاتێک بەر لە ڕۆیشتن، بەر لە گەیشتن، بەر لە مردن.

(سەیری پیاوەکە دەکات)

کاتێکیش دوای ڕۆیشتن، دوای گەیشتن و لە دوای مردن.

(وچانێکی کورت)

**پیاو**

بۆ لەوێدا وەستاویت؟

**ژن**

لە کوێدا؟

**پیاو**

لەوێدا. ئەوەتەی هاتویت لەوێدا وەستاویت!

**ژن**

نازانم، دەبێت لە شوێنێکدا بوەستم.

(وچانێکی کورت)

یان دانیشم.

**پیاو**

کات چی لە مرۆڤ دەکات؟

**ژن**

نازانم!

**پیاو**

چی نازانیت؟

**ژن**

هیچ!

**پیاو**

من دەزانم، بەڵام هەموو کات ئەو شتەم لە یاد نییە.

**ژن**

چیت لە یاد نییە؟

**پیاو**

ئەوەی دەیزانم.

(وچانێکی کورت)

من زۆرجار ئەو شتانەم بیر دەچێتەوە، کە دەیانزانم.

(سەیرێکی ژنەکە دەکات)

بیرم زۆر لە تۆ کردۆتەوە، بەڵام بیرم چوو باسی بکەم.

(هەردووکیان پێدەکەنن)

**ژن**

(ژنەکە نیگایەکی پڕ لە خۆشەویستی هەڵدەبڕێت و سەیری پیاوەکە دەکات)

هەموو ئەو شتانەی هەن، هەموو من، هەموو ئەوەی منی لێ پێک هاتووە، هەمووی لە تۆدا هەن.

**پیاو**

لە مندا؟

**ژن**

بەڵێ لە تۆدا!

**پیاو**

چی لە مندا؟

**ژن**

(سەیری پیاوەکە دەکات)

هیچ!

**پیاو**

بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، تاریک داهات!

**ژن**

بێ ئەوەی تاریکی ببینم، تاریک داهات.

**پیاو**

(سەیرێکی ژنەکە دەکات، وەک ئەوەی قسەکە بەخۆی ببڕێت)

**ژن**

ئافرەتێکی جوان پیر دەبێت، ئەو تەنیا ئەوە دەبینێت، کە بەسەرچووە.

**پیاو**

چی بەسەرچووە؟

**ژن**

ئەوانی تر تەنیا ئەوە دەبینن، کە ماوە.

**پیاو**

تۆ هەندێک جار زۆر زیاتر لە خەڵک تێدەگەیت، زیاتر لەوەی ئەوان لە خۆیان دەگەن.

**ژن**

وەک ئەوان لە خۆیان تێدەگەن.

(پێدەکەنێت)

**پیاو**

بە چی پێدەکەنیت؟

**ژن**

گوتت چی؟

**پیاو**

هیچ!

**ژن**

نەڕۆین؟

**پیاو**

بۆ کوێ؟

**ژن**

ئەی نەمانگوت دەڕۆین!

**پیاو**

با، وامانگوت.

(وچانێکی کورت)

با بڕۆین.

(لە شوێنی خۆیان ناجووڵێن)

**تاریکی**

## دیمەنی سێیەم

**پیاو**

بە وردی سەرنجی ئەو ژنەمدا، کە لە ناخی دڵەوە خۆشم دەویست، کەچی ئێستا هیچ شتێکی تێدا نەماوە خۆشم بوویێت و دڵم پێی خۆش بێت. تەنانەت شتێکی بچووکیشی لەو ڕابردووەی نێوانمان نەماوە، تەنها خاڵێکی ڕەش، پەڵەیەک، وەک جێگا دەستێک بە شوێنێکەوە و هیچی تر.

(وچان)

جێگا پەنجەیەک بە دەسکی دەرگاکەوە، یان دیوارەکەوە، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر پێوەی بووە و لێی نابێتەوە.

(بێدەنگی)

نەمدەویست جارێکی تر بیبینم.

(سەیرێکی ژنەکە دەکات)

**ژن**

ئەی بۆ بینیت؟

**پیاو**

که سێبەرەکەیم دی، لەمسەری باخچەکەوە ڕۆیشت بۆ ئەوسەر و لە تاریکییەکەدا ون بوو، هەستم بە هیچ نەکرد.

**ژن**

کە ڕۆیشتن، مەگەڕێنەوە.

**پیاو**

کێ؟

**ژن**

مەگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی ئێمەیش لە بیرتان نەکەین.

(وچان)

کتێبەکەم لێ ون بووە.

**پیاو**

کتێب؟

**ژن**

بەڵێ. بڕیارم دابوو نەیخوێنمەوە!

**پیاو**

ئەی بۆ خوێندتەوە؟

**ژن**

نەمدەویست تۆ لە دەرەوەی خۆم بناسم. هەستم دەکرد ئەو کتێبەت نامۆیە بە من.

**پیاو**

چ کتێبێک؟

**ژن**

ئاخۆ دەبێت من لەگەڵ ئێوە هەستی چەندە سەیرتر دامبگرێت؟

**پیاو**

هەستی چی؟

**ژن**

هەستی سەیرتر!

**پیاو**

من ئەمڕۆ لە تۆ ناگەم!

**ژن**

گوێت لە هیچ شتێک نییە؟

**پیاو**

نەخێر، گوێم لە هیچ نییە!

(بێدەنگی)

گوێم لە هیچ نییە.

(گوێ دەگرێت و سەیری ژنەکە دەکات)

تەنیا لە بێدەنگی نەبێت.

**ژن**

تۆ هەر منداڵەکەی جارانی.

**پیاو**

لەگەڵ منت بوو؟

**ژن**

تۆ ناتوانیت یاری بکەیت.

**پیاو**

یاری، یاری چی؟

**ژن**

(سەیرێکی پیاوەکە دەکات و دوور دەڕوانێت)

لەنێوان گەورەبوون و منداڵیدا.

(وچان)

مرۆڤ ناتوانێت هەمیشە هەر منداڵ بێت.

(پێدەکەنێت)

دەزانم تۆ دەتەوێت هەر منداڵ بیت.

**پیاو**

من؟

**ژن**

بەڵێ تۆ.

**پیاو**

من لە دوو شت زۆر دڵنیام، یەکەمیان زۆر شت هەن هەر لە خەون دەچن.

**ژن**

خەون؟

**پیاو**

هەندێک شت هەر لە خۆیانەوە ڕوو دەدەن، بێ ئەوەی هیچ تێیان بگەیت. من نازانم چی لە مێشکمدا ڕوو دەدات.

(وچانێکی کورت)

لە دەرەوەی مێشکیشم. دووەمیشیان...

(پیاوەکە بێدەنگ دەبێت)

**ژن**

ئەوەی دووەمیان چییە؟
(وچانێکی کورت)
کە ناتەوێت گەورە بیت!
(ژنەکە پێدەکەنێت)
تۆ ناتەوێت گەورە بیت. بۆشت لواوە.
**پیاو**
ئەوی تریان ئەوەیە، کە من باش دەزانم نامەوێت ئاوا تەنیا بم.
(بێدەنگی)
**ژن**
(گۆرانی دەڵێت)
ئەم ڕێگایانە بە خەیاڵ
خەتمی گوڵ دەکەن و
بە ڕۆح
حونجەی بیرکردن
**پیاو**
دەمەوێت بڕۆم.
**ژن**
بۆ کوێ؟
(وچان)
**پیاو**
پێکەوە بۆ شوێنێک بڕۆین؟
**ژن**
ژنێکم دەناسی زۆر تەنیا بوو.

**پیاو**

ژن؟

**ژن**

بەڵێ، ژن!

(وچانێکی کورت)

هەرچەندە زۆر جوان بوو، بەڵام هەمیشە تەنیا بوو. دەیگوت هەموو بەیانییەک بەر لە کازیوە لە خەو هەڵدەستم، بێ ئەوەی هیچ بکەم، دادەنیشم و چاو دەبڕمە دەریای ئەودیو پەنجەرەکەم، کە لەوانەیە پیاوێک بێت. هەمیشە هەستێکی ترسناک دامدەگرێت، هەستی ئەوەی کات وەستا بێت، هەموو جووڵەیەک وەستا بێت، هەموو شتێک لە جووڵە کەوتبێت. هیچ ئاسۆیەک دیار نییە، تەمێکی خەست ئاوەکەیش دادەپۆشێت، هەموو شتێک لە بێدەنگییەکی ڕەهادا وەستاوە و چاوەکانی منیش لە تەمەکەدا وەستاون و گیریان خواردووە و توانای تروکانیان نییە.

(بێدەنگی)

**پیاو**

ئەی دوایی؟

**ژن**

نازانم، لە پڕ ڕۆژێک گوتی سەفەر دەکەم، ئیتر نەمدییەوە.

**پیاو**

هەستێکی ناخۆشە.

**ژن**

بەڵێ، زۆریش.

**پیاو**

دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم.

(وچانێکی کورت)

بەڵام نازانم ئەو شتە چییە!

**ژن**

پێویست ناکات.

**پیاو**

بیرم نایەت چۆن هاتین بۆ ئێرە.

**ژن**

دەڵێی چی؟

**پیاو**

بیرم نایەت چۆن هاتین بۆ ئێرە.

(سەیری ژنەکە دەکات)

تۆ بیرت دێت؟

**ژن**

نا، منیش بیرم نەماوە.

**پیاو**

هیچ کەسێک بەر لە من هاتووە بۆ ئێرە؟

(وچان)

**ژن**

هیچ کەسێک نایەت بۆ ئێرە!

**پیاو**

هیچ کەس؟

**ژن**

بەڵێ!

(بێدەنگی)

هیچ کەس.

**پیاو**

هەرگیز.

**ژن**

هەرگیز.

(بە دوودڵییەوە)

هەست بە تەنیایی ناکەیت؟

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات، دوودڵ و نائارامە)

نەخێر.

**ژن**

جگە لە تۆ کەسی تر نەهاتووە.

**پیاو**

جگە لە من؟

(وچانێکی کورت)

**ژن**

جگە لە تۆ.

**پیاو**

کتێبەکەت نەدۆزییەوە؟

**ژن**

دۆزیمەوە.

**پیاو**

خوێندتەوە؟

**ژن**

بەڵێنم بە خۆم داوە، کە نەیخوێنمەوە.

(وچان)

(دوور دەڕوانێت، وەک ئەوەی بۆ خۆی قسە بکات)

نامەوێت لە دەرەوەی خۆم تۆ بناسم.

**پیاو**

نەڕۆین؟

**ژن**

(وەک ئەوەی بیر بکاتەوە)

دەڕۆین!

**پیاو**

بۆ لەوێدا وەستاویت؟

**ژن**

نازانم!

**پیاو**

چاوەڕێی شتێکیت؟

**ژن**

تۆ تەنها ئەو کاتانە منت دەوێت، کە لێرە نیم!

**پیاو**

لەگەڵ منت بوو؟

(بێدەنگی)

**ژن**

که پێکەوەین، شتێک لەنێوانماندا دروست دەبێت.

**پیاو**

شت! شتی چی؟

**ژن**

شتێک له چاوەڕوانیی ئەوی تر، که هیچ کامان لەو چاوەڕوانییه ناگەین!

**پیاو**

من ئەمڕۆ هیچ له تۆ ناگەم!

**ژن**

کتێبەکەت ناخوێنمەوه!

**پیاو**

ئەوەی باست کرد، له کتێبەکەمدا نووسراوه.

**ژن**

چ کتێبێک؟

**پیاو**

پاڵەوانی چیرۆکەکە، ئەو پیاوەی ئافرەتەکەی تەنها لەو کاتانەدا خۆش دەویست، که دوور بوو... که لەوێ نەبوو. که پێکەوه دەبوون، شتێک لەنێوانیاندا دروست دەبوو، شتێک له چاوەڕوانیی ئەوی تر، که هیچ کامێکیان لەو چاوەڕوانییه نەدەگەیشتن.

(وچان)

**ژن**

شەو دەڕوات و یەکە یەکە گڵۆپەکانی دەرەوە، لە پەنجەرەکەوە دەبینم، کە دەکوژێنەوە.
(وچانێکی زۆر کورت)
چ بێدەنگییەکە.
**پیاو**
(دەستێک بە قژی ژنەکەدا دەهێنێت)
تۆ وەک باڵندەیەکی بچووک وایت، هەرگیز ناگیرێیت، بەرز دەبیتەوە، دەفڕیت، ئاڕاستەکانت دەگۆڕیت و لە شوێنێک دەنیشیتەوە.
(وچانێکی کورت)
بەڵام هەرگیز ناگیرێیت.
**ژن**
(پێدەکەنێت)
فێرم بکە شتم بیر بچێتەوە.
**پیاو**
ساڵی داهاتوو، هەمیشە ساڵێکی ترە، بەڵام ساڵێک کەمتریش.
**ژن**
هەمیشە جریوەی چۆلەکە و باڵندەکان دەمهێننەوە بۆ لای تۆ.
**پیاو**
هەوڵ دەدەم، ئەو کاتانەم بێتەوە یاد، کە ئێمە بە شێوەیەکی جیاوازتر بیرمان دەکردەوە.
**ژن**

تۆ هیچ نە گۆڕاویت.

(وچانێکی کورت)

**پیاو**

من؟

**ژن**

بە چاوەکانتدا دیارە. چاو هەرگیز ناگۆڕێت.

**پیاو**

زۆرجار ڕووی داوە خەون و واقیعم تێکەڵاو کردووە. نەمزانیوە کامیان واقیعە و کامیان ئەو خەونەیە کە دیومە.

**ژن**

ئەو ژنە شتێکی سەیری بۆ گێڕامەوە.

**پیاو**

کام ژن؟

**ژن**

ئەو ژنەی هەردووکمان دەیناسین!

**پیاو**

من هیچ ژنێک ناناسم!

**ژن**

گوتی، منداڵ بوو، کە باوکی ناپاکیی لە دایکی کردووە. باوکی ژنێکی تری هێناوەتەوە و دایکیشی ماڵەکەی بە جێ هێشتووە. ئەوە دوو ساڵە دایکی نەدیوە و باوکی دوو منداڵی لە ژنە تازەکەی بووە.

(بێدەنگی)

کە من ببینیم، دەگریا. دەیگوت بیری دایکم دەکەم.

**پیاو**

کێ بیری دایکی دەکات؟

**ژن**

ئەو ژنەی هەردووکمان دەیناسین.

**پیاو**

من هیچ ژنێک ناناسم!

**ژن**

دەیگوت وەک کەنیزەک لەماڵەوە ئیشیان پێکردووە.

(وچان)

ڕقی لە باوکی بوو. لە باوەژنەکەیشی. کەسێکی زۆر تەنیایە.

**پیاو**

کەس کەسی ناوێت. هەموو هەر تەنیاین. ئەوەی تۆی دەوێت، تۆ ناتەوێت و ئەوەی ناپاکیت لێ دەکات، تۆ ئەوت دەوێت.

**ژن**

نەڕۆین؟

**پیاو**

با، دەڕۆین.

(دەستی یەک دەگرن و دەڕۆنە دەرەوە)

(گوێمان لە دەنگی با-یە)

(کچێک دێتە سەر شانۆ، نائارامە، سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکات. دوور دەڕوانێت، دوایی لەم سەری شانۆکەوە دەڕوات بۆ ئەوسەر و دەچێتە دەرەوە)

(ڕووناکی گۆڕانکاری بەسەردا دێت)

(دەنگێک لە دوورەوە دێت، دەنگێکی بەهێزی نادیار)

(هێدی هێدی ڕووناکی کز دەبێت)

## تاریکی

٢٠١٨/٨/٣١

# ژنی سەر جۆلانەکە

دەقێکی شانۆییە لە نۆ دیمەندا

**کارەکتەرەکان**

پیاو، تەمەنی لە سەروو پەنجا ساڵەوەیە
ژن، تەمەنی بیستوپێنج ساڵە
کچ، تەمەنی دە ساڵە
پیاوێکی گیتارژەن، تەمەنی سی ساڵە

## دیمەنی یەکەم

**پیاو**

سبەینێ. هەست دەکەم سبەینێ ئەو ڕۆژەیە کە چاوەڕوانم دەکرد!

**ژن**

سبەینێ؟

**پیاو**

سبەینێ.

**ژن**

بۆچی؟

**پیاو**

چی، بۆچی؟

**ژن**

سبەینێ؟

**پیاو**

(بێدەنگی)

**ژن**

بۆچی سبەینێ؟

**پیاو**

(بە ڕوویەکی خۆشەوە)
سبەینێ ئەو ڕۆژەیە، دەمێکە چاوەڕوانی دەکەم.
(وچان)
ئەو ڕۆژەیە، من دەمەوێت.
(ژنەکە غەمبار دیارە)

**ژن**

بەڵام، بۆچی؟
(بێدەنگی)
بۆچی سبەینێ؟

**پیاو**

سبەینێ، ئەو ڕۆژەیە من دەمەوێت.
(دوور دەڕوانێت)
ئەو ڕۆژەیە من دەمەوێت. ئەو ڕۆژەی دەمێکە چاوەڕوانیم.

**ژن**

تێناگەم! بۆ؟
(وچانێکی کورت)
تێناگەم بۆ سبەینێ؟ دەتوانیت تێم بگەیەنیت؟ من ماوەیەکە هیچ لە تۆ تێناگەم؟

**پیاو**

لەبەر ئەوەی بژاردەی منە. شتێکە من بڕیار دەدەم.

**ژن**

(سەیری پیاوەکە دەکات و دەیەوێت شتێک بڵێت)

**پیاو**

ئەمجارە بڕیار لای منە.

**ژن**

بەڵام بۆچی، من تێناگەم؟

(بێدەنگی)

**پیاو**

بەیانی هەموو شتێک باش دەبێت.

(وچانێکی کورت)

بۆ من باش دەبێت. ڕۆژێکی خۆشیش دەبێت و باران نابارێت. تۆ دەزانی من چەند ڕقم لە بارانە. هەموو جارێک دەچمە دەرەوە، ئیتر باران دەبارێت. سبەی باران نابارێت. هەتاوێکی خۆش، هەوایەکی فێنک، ئاسمانێکی شینی پاک.

(وچان)

(وەک ئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە)

دەمێکە بیرم لەمە کردۆتەوە. ئەوەی لەسەر من بوو، کردم. بە زیادیشەوە.

**ژن**

چیت کردووە؟ چییە ئەو شتەی لەسەر تۆ بووە و کردووتە؟ دەتوانیت پێم بڵێیت؟

**پیاو**

ئیتر نۆرەی کەسێکی ترە تەواوی بکات.

**ژن**

کێ؟

(بێدەنگی)

چی تەواو بکات؟

**پیاو**

ئەوەی من دەستم پێکرد. ئەوەی من تا ئێرەم هێناوە، نۆرەی کەسێکی ترە تەواوی بکات.

**ژن**

(غەمبارە)

من لە هیچ تێناگەم!

(وچانێکی کورت)

بەڵام

(پیاوەکە قسە بە ژنەکە دەبڕێت)

**پیاو**

کاتی ئەوە هاتووە گرینگی بە خۆم بدەم، ئەوانیش بە خۆیان.

(بێدەنگی)

تۆیش بە خۆت.

(وچان)

کاتی ئەوە هاتووە بڕۆم و نەگەڕێمەوە. دەمەوێت سەیری خەڵک بکەم و پێبکەنم.

**ژن**

بە خەڵک؟

**پیاو**

چی بە خەڵک؟

**ژن**

بە خەڵک پێبکەنیت؟

**پیاو**

که هەڵدەخلیسکێن، دەڕۆن و لەسەر بەستەڵەکەکە هەڵدەخلیسکێن. من سەیریان دەکەم و پێدەکەنم.

**ژن**

من لە تۆ تێناگەم. بە خەڵک پێدەکەنیت، کە دەکەون؟ تۆ خۆت چەند جار لەسەر بەفرەکە کەوتوویت! بیرت چۆتەوە؟

(بێدەنگی)

پار، کە کەوتی قاچت نەشکا! کەس پێت پێکەنی؟ ماوەیەکە هیچ لە تۆ تێناگەم!

**پیاو**

دەمەوێت ژنەکەم ببینمەوە، ژنەکەم. ئەو ژنەی دەمێکە نەمدیوە.

(وچانێکی کورت)

(وەک ئەوەی لە پڕ شتێکی بیرکەوتبێتەوە)

دەمەوێت سەربەست بم، دوور بم لە هەموو شتێک، کەس نەزانێت لە کوێم.

(بیر دەکاتەوە)

دەمەوێت...

(قسەکە بە خۆی دەبڕێت)

(بێدەنگی)

هەموو شتێک کۆتاییەکی هەیە. هەموو شتێک دەبێت تەواو ببێت.

**ژن**

(پێدەکەنێت)

هەموو شتێک کۆتایی نییە. هەندێک شت هەن تەواو نابن.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات)

هەموو شتێک کۆتاییەکی هەر هەیە.

**ژن**

بازنەیەک کۆتایی نییە و هەر دەسووڕێتەوە.

**پیاو**

بازنە؟

**ژن**

ئا، بازنە!

**پیاو**

بە ڕاستتە؟

**ژن**

(پێدەکەنێت)

**پیاو**

نەخێر، بازنەیش نا. بازنە هیچ سەرەتایەکی نییە تا کۆتایی هەبێت.

(بێدەنگی)

**ژن**

(دەیەوێت شتێک بڵێت)

(وچان)

**پیاو**

(پێدەکەنێت)

بازنە!

**ژن**

بەڵێ بازنە! بۆ پێدەکەنیت؟ تۆ دەکرێت وەک بازنەیەک وا بیت.

**پیاو**

مەبەستت چییە؟

**ژن**

تۆ دەتوانیت هەر لێرە بیت.

(وچانێکی کورت)

**پیاو**

لێرە؟

**ژن**

بەڵێ، لێرە. بێ هیچ دەستپێکردن و تەواوبوونێک. وەک بازنەیەک.

**پیاو**

ئەگەر من هیچ سەرەتا و کۆتاییەکم نەبوایە، ئێستا لێرە نەدەبووم.

(پێدەکەنێت)

(بێدەنگی)

**ژن**

سبەینێ دەڕۆیت؟

(وچان)

بیر لە چی دەکەیتەوە؟

**پیاو**

بیر دەکەمەوە و خۆیشم بڕیار دەدەم.

(بێدەنگی)

سبەینێ.

**ژن**

سبەینێ چی دەبێت؟

**پیاو**

ئەو بڕیارەی داومە.

**ژن**

بازنەکان بڕیار نادەن؟

**پیاو**

(سەیرێکی ژنەکە دەکات، هەندێک تووڕە دیارە)

**ژن**

(لەبەرخۆیەوە)

ئەگەر تۆ بڕۆیت، من چاوەڕوان نابم.

**پیاو**

گوتت چی؟

**ژن**

(سەیرێکی پیاوەکە دەکات)

**هیچ**

**پیاو**

(پێدەکەنێت)

**ژن**

بە چی پێدەکەنیت؟

(وچانێکی کورت)

چیی تر نامەوێت لە چاوەڕوانیدا بژیم!

(بێدەنگی)

**پیاو**

سبەینێ.

**ژن**

(سەیری پیاوەکە دەکات، تووڕە دیارە)

سبەینێ. لەوانەیە سبەینێ تۆیش ببیت بە بازنەیەک، بێ سەرەتا و کۆتایی.

**پیاو**

تۆ هەڵەیت.

**ژن**

بۆ هەڵەم؟

**پیاو**

(بە بزەیەکی نائارامەوە)

سبەینێ بۆ من ئەو سەرەتایەیە، کە هیچ کۆتاییەکی نییە.

**ژن**

چۆن چۆنی؟

**پیاو**

(بێدەنگە)

**ژن**

من نەمدەویست بێم بۆ لات.

**پیاو**

چیت نەدەویست؟

**ژن**

بێم بۆ ماڵەوە بۆ لات، کە هاتیشم چیی تر بوار بۆ هیچ شتێک نەمایەوە.

(پێدەکەنێت)

ئەو ڕۆژە، کە هاتم بۆ لات، بوارمان بۆ هیچ شتێك نەهێشتەوە.

(وچان)

هیچ شتێک وەک خۆی لێ نەهاتەوە!

(بە نائارامییەوە)

دەبوایە نەهاتمایە بۆ لات.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات، بە دوودڵی و نائارامییەوە)

ئەگەر ئەو ڕۆژە نەهاتیتایە بۆ لام، هیچ ڕووی نەدەدا.

(بێدەنگی)

ئەو ڕۆژە نەهاتیتایە!

**ژن**

باشتر وایە هەندێک شت هەرگیز ڕوو نەدەن.

(وچان)

دەبوایە چاوەڕوان بوومایە.

**پیاو**

چاوەڕوانیش دادت نادات!

(پێدەکەنێت)

**ژن**

بە چی پێدەکەنیت؟

**پیاو**

نازانم.

(بێدەنگی)
ژیان لە چاوەڕوانیدا باش نییە.

**ژن**

وایە.

**پیاو**

ژیان دەڕوات و ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنها چاوەڕوانییەکەیە.

**ژن**

تۆ لەو ئاسمانە دەچیت، کە پڕە لە ئەستێرە. ئاسمانێکی تاریک و کۆمەڵێکی زۆر ئەستێرە.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات و نائارامە)
من؟

**ژن**

هەزاران ئەستێرە دەبینین، چەندیش هەوڵ بدەین لەو ئەستێرانە ورد بینەوە، هیچ شتێکی تر نابینین.

**پیاو**

شتی وەک چی؟

**ژن**

لە دوای ئەستێرەکانەوە.
(وچانێکی کورت)
شتی وەك ئەوانەی لە پشت ئەستێرەکانەوەن.

**پیاو**

من هیچ تێناگەم!

**ژن**

منیش هیچ شتێک سەبارەت بە سبەینێ تێناگەم! بۆچی سبەینێ؟

(وچان)

چ شتێکی تایبەتی لە سبەینێ دا هەیە؟

**پیاو**

ئێ پێم گوتی، سبەینێ ئاووهەوا خۆشە، باران نابارێت و ئاسمان شین و جوانە.

**ژن**

ئەی ئەگەر باران باری؟

**پیاو**

بارانیش ببارێت.

(بێدەنگی)

من بڕیاری خۆمم داوە.

**ژن**

(پێدەکەنێت)

ئێ خۆ تۆ گوتت، من ئاسمانێکی شین و پاکم دەوێت، ڕقم لە بارانە و سبەینێ هەموو شت بە دڵی خۆمە؟

**پیاو**

من دەزانم، کە نابارێت و خۆرەتاویش دەبێت. بەیانی ڕۆژێکی ئاساییە بۆ ڕووداوێکی ئاساییش، ئەگەر ئاسمان شینیش نەبێت، دوایی هەر پاک دەبێتەوە و ڕەنگە شینەکەی دەردەکەوێت.

**ژن**

ئەی ناکرێت، هەفتەی داهاتوو یان مانگی داهاتوو؟

**پیاو**

نەخێر، سبەینێ.

**ژن**

هەفتەی داهاتوو، زۆر گەرم دەبێت.

**پیاو**

لەوانەیە وابێت، بەڵام من هەر بەیانیم دەوێت.

**ژن**

دڵنیایت؟

**پیاو**

لە ژیانمدا، هەرگیز ئاوا دڵنیا نەبووم. من دەزانم چیم دەوێت.

**ژن**

(وچانێکی کورت)

منیش سبەینێ دێم.

**پیاو**

چ کاتێک؟

**ژن**

نازانم، من تەنها دێم وماڵئاواییت لێ دەکەم.

(پێدەکەنێت)

لەوانەیە بە گوێیشتدا بچرپێنم: سەیرکە ئاسمان چەندە شینە، ئەستێرەکان چەندە جوان دیارن.

**پیاو**

هەروەک ئەو کاتەی پێکەوە سەیرمان کرد.

**ژن**

هەروەک ئەو کاتەی پێکەوە سەیرمان کرد.

(هەردووکیان پێدەکەنن)

**پیاو**

هەندێک جار ئەستێرەکان لە کازیوەدا جوانتر دیارن.

**ژن**

ژیان زۆر کورتە، لەوانەیە، کە کاتەکە دەڕوا، زۆر درێژ بێت.

**پیاو**

ژیان کورتە؟

**ژن**

بەڵێ، کورتە، زۆریش. بەڵام ئەو کاتەی بە ژیانەوە خەریکین، درێژە.

**پیاو**

هەرگیز بیرم لە ژیانی خۆم نەکردۆتەوە.

(وچان)

**ژن**

(سەیرێکی پیاوەکە دەکات)

ئێستایش دەڵێم بۆچی سبەینێ؟

(بێدەنگی)

دەبێت چ نهێنییەک لەوەدا هەبێت؟

**پیاو**

لەبەر ئەوەی سبەینێ کاتێکی گونجاوە بۆ سەرەتای هەموو شتێك.

**ژن**

وازم لێ دەهێنیت؟

**پیاو**

نەخێر.

**تاریکی**

## دیمەنی دووەم

(ژنەکە لەسەر جۆلانەیەک دانیشتووە، وەک منداڵێک سەیری ئاسمان دەکات و جۆلانێ دەکات)

**ژن**

(پێدەکەنێت)

هەست دەکەم براوەم.

(دەنگی ئاوازی گیتارێک لە دوورەوە دێت)

(بیردەکاتەوە)

هەرگیز کەسێکت هێندە خۆش نەوێت بە تەواوی دڵی خۆتی بدەیتێ، گەر وا بکەی، ئەوە دڵت ناگەڕێتەوە جێگای خۆی.

(بێدەنگی)

ئەم زستانەیش هەروەک زستانی ساڵی پار دەبێت.

**پیاو**

(بە گیتارێکەوە دێتە سەر شانۆ، مۆسیقایەکی هێمن دەژەنێت و لە نزیک ژنەکەوە دادەنیشێت)

**ژن**

(پێدەکەنێت)

ئەو گیتارەت لە کوێ بوو؟

**پیاو**

(دوور دەڕوانێت، وەک ئەوەی لە جێگایەکی تر بێت)

(گۆرانیی دەڵێت)

هەمیشە لەگەڵ تۆ باران دەباری
هەمیشە لەگەڵ تۆ ڕەشەبا هەڵی دەکرد
لەگەڵ تۆ دەڕۆیشتم بۆ شوێنێکی نەناسراو
لەگەڵ تۆ ون و بێ ئارام
لەگەڵ تۆ
هەمیشە
لەگەڵ تۆ...

**ژن**

لەگەڵ تۆ هەمیشە لە شەڕ دام.

(پێدەکەنێت)

نە رۆیشتیت؟

**پیاو**

نا، هێشتا.

(وچان)

سبەینێ. گوتم سبەینێ دەڕۆم.

**ژن**

(جۆلانەکە دەوەستێنێت، سەیری پیاوەکە دەکات)

نەمدەزانی گۆرانییش دەزانیت!

**پیاو**

لەو بڕوایەدا بووم هەمیشە تۆ هاوڕێم دەبیت و بۆ هەتاهەتایە دەتناسم. تۆ وات لە من کرد هەست بکەم کەسێکی ڕاستەقینەم.

**ژن**

من؟ من هیچم نەکردووە! تۆ خۆت دەتەوێت دوور بکەویتەوە لێم. بڕۆیت.

(وچان)

خۆیشت نازانیت بۆ کوێ.

**پیاو**

تۆ واتلێکردم، خۆم بدۆزمەوە و هەستێکت لا دروست کردم، کە خۆم زیاتر لەوەی هەم، ببینم. هەندێک جار وەک کوێرێک دێیت و دەڕۆیت، هەندێک جاریش زۆر گرانە ئەوەی دەیڵێیت، بیڵێیت و وشەکان نابیستم، دەنگت لێوە نایەت و هەر گۆرانیی دەڵێیت.

پێ دەکەنیت.

**ژن**

(گۆرانی دەڵێیت)

هەمیشە لەگەڵ تۆ باران دەباری
هەمیشە لەگەڵ تۆ ڕەشەبا هەڵی دەکرد
لەگەڵ تۆ دەڕۆیشتم بۆ شوێنێکی نادیار
لەگەڵ تۆ ون و بێ ئارام
لەگەڵ تۆ
هەمیشە
لەگەڵ تۆ...

(وچانێکی کورت)

بیرتە ئەم گۆرانییەمان پێکەوە دەگوت؟

**پیاو**

(بە نائارامییەوە سەیری ژنەکە دەکات)

جارێکی تر، بۆ من گرانە کەسێکی وەک تۆ بدۆزمەوە.

(پێدەکەنێت)

بیشیدۆزمەوە، هەر زوو دەستبەردارم دەبن. من خۆم باش دەناسم.
(بێدەنگی)
(ژنەکە جۆلانێ دەکات)

**پیاو**

تۆ چیی تر ناتوانیت گوێشم لێ بگریت. ناتوانیت وەک جاران خۆشت بوویم. وەک جاران گۆرانیم بۆ بڵێییت.
(وچان)
(پیاوەکە گیتارەکەی دەژەنێت)

**ژن**

کە سبەی رۆیشتیت، ئیتر مەگەڕێرەوە. دەزانم دەڕۆیت و بە جێم دەهێڵیت. منیش خۆم بەم جۆلانەیە ڕادەژەنم و گۆرانیی بۆ چاوەڕوانیی تۆ دەڵێم.

**پیاو**

کات هەموو برینێک سارێژ دەکات. باڵندەکان دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، منیش تا بتوانم دەڕۆم.

**ژن**

(قسەکەی پێ دەبڕێت)
حەز دەکەم باران ببارێت، گێژەڵووکە هەڵبکات و بوومەلەرزەیش بێت. هەموو شتێک ڕوو بدات.

**پیاو**

چی ڕوو بدات؟

**ژن**

هەموو شتێک. زۆر بە خێراییش. دەزانم ڕاستییەکان چەندە لە ڕۆحدا قووڵن.

(وچانێکی کورت)
چەندە لە ڕاستییەکان دەترسم.
(بێدەنگییەکی کورت)
ڕاستییەکان دڵم تەنگ دەکەن.
(وچانێکی زۆر کورت)
ڕاستییەکان یادەوەرییەکانم لەتوپەت دەکەن.

**پیاو**

ڕاستییەکان؟

**ژن**

بەڵێ ڕاستییەکان. زۆر جار...
(بێدەنگ دەبێت)

**پیاو**

زۆر جار چی؟ بۆ بێدەنگ بوویت؟

**ژن**

زۆر جار ڕقم لە ڕاستییەکانە و دەمەوێت لە درۆدا بژیم. ئازاری ڕۆح لە هەموو ئازارێک سەختترە.

**پیاو**

کە ئەمجارە ڕۆیشتم، ناگەڕێمەوە.

**ژن**

کات هەموو برینێک سارێژ دەکات.

**پیاو**

کێ وا دەڵێت؟

**ژن**

تۆ. تۆ واتگوت!
(بێدەنگی)

دەترسم. لە هەموو شوێنێک و لە هەموو شتێک دەترسم. لە ژووری دانیشتنەکە، لە ژووری نووستن. لە باخچەکەمان، لەسەر شەقامەکان. لە هەموو شتێک دەترسم.

**پیاو**

لە چی دەترسیت؟

**ژن**

لەوەی چیی تر تۆ نەبینمەوە.

**پیاو**

(بێدەنگی)

حەزم لەو شارانەیە کە هیچ کەسێك بە شەو و بە ڕۆژ تیایاندا نانوێت. بە شەو و بە ڕۆژ خەڵکی لە جووڵەدان، دێن و دەچن.

**ژن**

(پێدەکەنێت)

ژیانی خۆم دەبینم. ئەو ڕۆژانەی تەنیام و دەترسم.

**پیاو**

لە چی دەترسیت؟

**ژن**

لە ژیانی خۆم و مەرگی تۆ.

(ڕووی خۆی وەردەگێڕێت و گوژمێکی بەهێز لە جۆلانەکە دەدات)

ژیانی من بێ تۆ بەردەوام دەبێت.

(بە نائومێدییەوە)

مەرگی تۆیش.

(ڕووی خۆی وەردەگێڕێت)

لە شوێنێکی تر بەردەوام دەبێت.

(وچان)

هەموو شتێک دەبینم. من دەمێکە لەوە گەیشتووم، کە

تەنیایی تاکە وچانی ڕاستەقینەی ژیانی منە.

(پیاوەکە گیتارەکەی دەژەنێت، ژنەکە جۆلانێ دەکات)

**ژن**

ئەم زستانەیش هەروەک زستانی پار دەبێت.

(وچانێکی کورت)

بەفر، باران، ڕەشەبا، سەرما و کڕێوە.

**تاریکی**

## دیمەنی سێیەم

(پیاوێکی گەنج لە سووچێکی شانۆکەدا دانیشتووە و گیتار دەژەنێت و گۆرانیی دەڵێت)

**گەنجە گیتارژەنەکە**

هەمیشە لەگەڵ تۆ باران دەباری
هەمیشە لەگەڵ تۆ ڕەشەبا هەڵی دەکرد
لەگەڵ تۆ دەڕۆیشتم بۆ شوێنێکی نادیار
لەگەڵ تۆ ون و بێ ئارام
لەگەڵ تۆ
هەمیشە
لەگەڵ تۆ...

(پیاوەکە لەگەڵ کچێکی بچووکی دە ساڵان دێنە سەر شانۆ و چەپکێک گوڵەنێرگزی بە دەستەوەیە)

**پیاو**

دەمەوێت تەنها لە یەک شوێن بم، بەڵام هەمیشە لە شوێنێکی ترم. بۆ هەر شوێنێکیش دەڕۆم، شوێنێکە هەر لەو شوێنە دەچێت، کە هەر ئێستا لە دوای خۆمەوە بە جێم هێشتووە.

**کچە بچووکەکە**

(دەستی پیاوەکە ڕادەکێشێت)

بابە، بابە!

**پیاو**

هەندێک جار لە یادەوەرییەکانمدا، زۆر زیاتر و بەهێزتر دەژیم وەک لە ئێستادا.

(بێدەنگی)

**کچە بچووکەکە**

بابە، بۆ کوێ دەڕۆین؟ با بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.

**پیاو**

ئەو ڕاستی کرد. گوێم لە دەنگی بوو.

(وچانێکی کورت)

(سەیری ئاسمان دەکات)

مەڕۆ، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

**کچە بچووکەکە**

بابە!

**پیاو**

تۆ دەبێت ئەوە باش بزانیت!

(سەیرێکی کچەکەی دەکات)

ئەو وای بە من گوت.

(وچانێکی کورت)

لەوەتەی تۆ هاتیتە ژیانی منەوە، هەموو شتێک سەرلەبەری گۆڕا.

**کچە بچووکەکە**

بابە، هیلاک بووم، با بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.

**گەنجە گیتارژەنەکە**

(گۆرانی دەڵێت)

هەمیشە لەگەڵ تۆ باران دەباری
هەمیشە لەگەڵ تۆ ڕەشەبا هەڵی دەکرد
لەگەڵ تۆ دەڕۆیشتم بۆ شوێنێکی نادیار
لەگەڵ تۆ ون و بێ ئارام
لەگەڵ تۆ
هەمیشە
لەگەڵ تۆ...

**پیاو**

ژیان لەگەڵ کەسێکی تردا و بۆ کەسێکی تر بژیت، ترسناکە. مرۆڤ دەبێت ئاگای لە تواناکانی خۆی بێت. من ئێستا، کە زیاتر چوومەتە تەمەنەوە، لەمە تێگەیشتووم.

(بێدەنگی)

سەیرە، کە لەگەڵ ئەو قسە دەکەم، وا هەست دەکەم قسە لەگەڵ ڕابردووی خۆمدا دەکەم. زۆر لە یەک دەچین.

**کچە بچووکەکە**

بابە، دەبێت بگەڕێینەوە. دایکم چاوەڕوانمانە و من لەگەڵ تۆ نایەم.

**پیاو**

جۆلانە ناکەیت؟

**کچە بچووکەکە**

جۆلانە! لە کوێ؟ کوا ئێرە جۆلانەی لێیە؟

**پیاو**

(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)

ئەرێ ژنێکتان نەدیوە لێرەوە بڕوات؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

ژن؟

(وچان)

(سەیری پیاوەکە دەکات)

نەخێر، هیچ کەسێکم نەدیوە!

**پیاو**

چاوەڕێی ژنێک دەکەم، پێی گوتم لێرە چاوەڕێی بکەم، تۆزێک درەنگ کەوتم، لەوانەیە ڕۆیشتبێت و چاوەڕێی نەکردبم؟

(وچانێکی کورت)

دەمێکە لێرەیت؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

من؟

**پیاو**

بەڵێ.

**گەنجە گیتارژەنەکە**

لە کوێ؟

**پیاو**

لێرە، لەم شوێنە؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

هێندە نابێت.

(سەیری پیاوەکە دەکات)

بۆ پرسیار دەکەیت؟

**پیاو**

گوتم لەوانەیە ژنەکەت دیبێت؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

ژن، چ ژنێک؟

**پیاو**

ژنەکەی هاوڕێم. بڕیار بوو لێرە یەکتری ببینین!

**گەنجە گیتارژەنەکە**

نا، کەسم لێرە نەدیووە.

**کچە بچووکەکە**

بابە، نەڕۆینەوە؟

**پیاو**

با، دەڕۆین.

(وچان)

تۆزێکی تر چاوەڕێ دەکەین.

**گەنجە گیتارژەنەکە**

ئەوە کچی تۆیە؟

**پیاو**

بەڵێ! ئەی تۆ منداڵت هەیە؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

(پێدەکەنێت)

نەخێر، منداڵم نییە.

(وچان)

من هەر ڕۆژەی لە شوێنێکم و منداڵدروستکردن بە کەڵکی من نایەت.

(وچانێکی کورت)

**پیاو**

بۆ؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

مۆسیقاژەنم و گۆرانی دەڵێم.

**پیاو**

گۆرانیبێژ نابێت منداڵی هەبێت؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

(پێدەکەنێت)

**کچە بچووکەکە**

بابە، دەی با بڕۆین.

**پیاو**

دەڕۆین.

(وچانێکی کورت)

من ئەمڕۆ هەر دەڕۆیشتم.

(بەبێزارییەوە)

هەست دەکەم خۆمم لە شوێنێک لێ ون بووە و بۆم نادۆزرێتەوە.

**گەنجە گیتارژەنەکە**

گوتت چی؟

**پیاو**

هیچ، لەگەڵ تۆم نەبوو!

(چەپکە نێرگزەکە لەسەر زەوییەکە دادەنێت)

(ڕووناکییەکە کز دەبێت، کچە بچووکەکە و پیاوەکە دەڕۆنە دەرەوە)

**گەنجە گیتارژەنەکە**

کابرایەکی سەیرە، لە هیچ حاڵی نەبووم!

(گیتار دەژەنێت و گۆرانیی دەڵێت)

هەمیشە لەگەڵ تۆ باران دەباری

هەمیشە لەگەڵ تۆ ڕەشەبا هەڵی دەکرد

لەگەڵ تۆ دەڕۆیشتم بۆ شوێنێکی نادیار

لەگەڵ تۆ ون و بێ ئارام

لەگەڵ تۆ

هەمیشە

لەگەڵ تۆ...

(سەر شانۆ بە تەواویی تاریک دەبێت)

## دیمەنی چوارەم

## ژن

(ژنەکە لەسەر جۆلانەکە دانیشتووە و خۆی ڕادەژەنێت)

من هەمیشە تەنیا بووم. لەگەڵ ئەو تەنیاییەشمدا گونجا بووم و حەزم بە تەنیایی دەکرد. زۆربەی کاتەکان لای نەنکم بووم.

(وچان)

هەمیشە میهرەبان و دەمبەپێکەنین بوو.

(وەک ئەوەی بیر بکاتەوە)

نەنکم بێزاری نەدەکردم و لێ دەگەڕا لەگەڵ خەونەکانمدا بژیم. گوێم لە بێدەنگی دەگرت.

(پێدەکەنێت)

هەرگیز بڕوام بە خۆشەویستی هەتاهەتایی نەبووە. نەنکم دەیگوت کچم، خۆشەویستی جۆرێکە لە خۆویستی. ڕاستی کرد.

(وچانێکی کورت)

ئەو دەیەوێت بڕوات!

(بێدەنگی)

(بەتوندی گوژم لە جۆلانەکە دەدات. لەپڕ دەوەستێت و دادەبەزێتە خوارەوە)

من بە تۆوە ژنم. تۆ نەبیت لەگەڵ وشکەدارێک جیاوازیم نییە، من بە بوونی تۆوە ژنم، تۆ نەبیت من تەنها بووکەڵەیەکم. تۆ جوانییم پێدەدەیت و لەگەڵ تۆدا جوانم.

(وچان)

من بە تۆوە مێینەم.

(پێدەکەنێت)

نەنکم ڕاست دەکات، خۆشەویستیی مرۆڤ جۆرێکە لە خۆویستی.

(لای ڕاستی شانۆکەوە پیاوە گەنجە گیتارژەنەکە دێتە ژوورەوە)

**گەنجە گیتارژەنەکە**

پێویستە هەموو شتێک بسووتێنرێت. ئامێزم پڕە لە خۆڵەمێش و با-یەکەیش بە ئاسانی دەیبات، هەمووی دەبات.

**ژن**

من تۆ دەناسم؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

ئەوەی خەمباری کردووم، با-کەیە، با.

(وچانێکی کورت)

با-کە، خۆڵەمێشە ڕەشەکە لەگەڵ خۆی دەبات و نازانم لە کوێ بڵاوی دەکاتەوە.

(بێدەنگی)

(ژنەکە گوژم لە جۆلانەکە دەدات)

(پیاوە گەنجە گیتارژەنەکە لە ژنەکە دەچێتە پێشەوە و جۆلانەکە دەوەستێنێت)

**گەنجە گیتارژەنەکە**

به دوای پیاوێکدا دەگەڕێم. پیاوێکت دیوە بێرەدا بڕوات.
(سەیری ژنەکە دەکات)
تۆ دەناسمەوە!
(ژنەکە ڕووی خۆی وەردەگێڕێت)
ئێمە جارێکیان پێکەوە گۆرانیمان گوت.
(وچانێکی کورت)
ئەی، کە من گرفتاری تۆم
شەیدای چاوی جوانی تۆم
لەو ڕۆژەوەی تۆم دیوە
(گۆرانییەکە بە خۆی دەبڕێت)
لەبیرتە؟

**ژن**

چی؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

کە پێکەوە گۆرانیمان گوت؟
(دەست دەکات بە گۆرانیگوتن)
ئەی، کە من گرفتاری تۆم
شەیدای چاوی جوانی تۆم
لەو ڕۆژەوەی تۆم دیوە
(وچانێکی کورت)
ئەو گۆرانییەی تۆ حەزت لێی بوو.
(پیاوە گەنجەکە، بەدەم ژەنینی گیتارەکەیەوە گۆرانیی دەڵێت)
تۆ ئاواتت چییە؟
چی دەخوازی لە بەهاردا
کێ گۆرانیت بۆ بڵێت

لە هاویندا
تۆیش گوتت
لە ژێر باراندا ماچم بکەیت
گوتی
ئەی تۆ ئاواتت چییە
لە بەهاردا

لە هاویندا

لە پاییزدا

گوتم

کە، زوو باران ببارێت...

(بێدەنگی)

(ژنەکە لە جۆلانەکە دێتە خوارەوە، سەیری پیاوە گەنجە گیتارژەنەکە دەکات و دەچێتە دەرەوە)

**گەنجە گیتارژەنەکە**

مەڕۆ.

(وچانێکی کورت)

(گۆرانیی دەڵێت)

ئەی، کە من گرفتاری تۆم

شەیدای چاوی جوانی تۆم

لەو ڕۆژەوە تۆم دیوە...

(لە گۆرانیگوتن دەوەستێت و سەیری ئەو شوێنە دەکات، کە ژنەکەی لێوە چووە دەرێ)

(پێدەکەنێت)

بیست ساڵە چاوەڕوانی ساڵی داهاتوو دەکەم.

(سەیرێکی جۆلانەکە دەکات)

ئەمساڵ دووبارەبوونەوەی ساڵی پارە!

هەروەها پێرار!

(پێدەکەنێت)

هەروەها سێ ساڵ لەمەوبەر!

هەروەها چوار ساڵ لەمەوبەر!

**تاریکی**

(گوێمان لە دەنگی بارانبارینە)

## دیمەنی پێنجەم

**پیاو**

من هەمیشە بە ڕێگای شوێنێکەوەم، ناتوانم چاوەڕێ بکەم و ناشتوانم بوەستم!

(بێدەنگی)

(سەیری چواردەوەری خۆی دەکات)

ڕاستی و درۆم بۆ لە یەک جیا ناکرێتەوە.

(پێدەکەنێت)

ڕاستی لە هەوادا ون بوو، نەمتوانی بیدۆزمەوە، یان لەنێو درۆکانی ڕۆژگاردا جیای بکەمەوە. هەموو ڕاستییەکان بۆ من درۆ بوون، نادیار بوون و لە هیچ حاڵی نەدەبووم. ئەو ڕێگایەش پێیدا دەڕۆیشتم، تۆزاوی، گەرم، گێژەڵووکە و ناخۆش بوو. ئەو ڕاستییانە چی بوون من بە دوایاندا دەگەڕام و وەک ئاو بەنێو پەنجەکانمدا هاتنە خوارەوە؟ ئەو ڕاستییە چی بوو، کە لەپڕ لەگەڵ خۆمدا ون بوو؟

(وچان)

هەموو شتێک تاریک و بێدەنگ.

(وچان)

تەنها چەند چرکەیەک بەسە، بۆ ئەوەی چاو لە تاریکیدا خۆی ڕابهێنێت.

**تاریکی**

## دیمەنی شەشەم

(ژنەکە لە ناوەڕاستی شانۆکەدا وەستاوە، نائارامە و سەیری دوور دەکات)

**ژن**

ئێمە هیچ شتێک لەنێوانماندا نەمابوو، هیچ شتێک نەبوو باسی بکەین، لەگەڵ ئەوەیشدا حەزمان دەکرد پێکەوە بین.

(وچانێکی کورت)

ئەو بووبووە کەسێکی نامۆ و هەستی بە هیچ نەدەکرد و هەمیشە تووڕە بوو. هەمیشە دەیگوت دەڕۆم.

(وچانێکی کورت)

دەڕۆم و ناگەڕێمەوە.

(پیاوەکە و کچە بچووکە دە ساڵانەکە و پیاوە گەنجە گیتارژەنەکە دێنە ژوورەوە)

**گەنجە گیتارژەنەکە**

ئەوە ژنەکەیە.

(سەیری پیاوەکە دەکات)

چاوەڕوانی ئەو ژنەت دەکرد؟

**ژن**

(بە تووڕەییەوە سەیری پیاوەکە دەکات)

له کاتی خۆیدا نەهاتیت، من دەمێکە چاوەڕوانت دەکەم.

(وچانێکی کورت)

تۆ هەست بە هیچ ناکەیت و هەر دێیت و دەڕۆیت.

**پیاو**

من!

**ژن**

بەڵێ تۆ! هەمیشە خۆت لە هەموو شتێک دەدزیتەوە، بەرپرسیاری هیچ شتێک هەڵناگریت، بە ئاسانی پشت دەکەیتە هەموو شتێک، دڵڕەقی و قسەکانت خەڵکی بریندار دەکەن. ژیانی تۆ تەنها بریتییە لە ڕاکردن. ڕاکردن لە هەموو کەسێک و لە هەموو شتێک.

(بێدەنگی)

لەبیرتە دەتگوت، ئەو پیاوەی لە ژیانیدا هەستی بە خۆشەویستیی ژنێک نەکردووە، خۆشەویستی و پیاوەتیشی لەکیس چووە.

**پیاو**

من؟

**ژن**

بەڵێ تۆ!

**کچە بچووکەکە**

بابە، کەی بڕۆین جۆلانێ بکەین؟

**پیاو**

دەڕۆین، ئێستا دەڕۆین.

**ژن**

وەرە، لەگەڵ من وەرە، پێکەوە دەڕۆین سواری جۆلانە دەبین.
(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)
تۆ بۆ هاتوویت بۆ ئێرە، چیت دەوێت؟

**پیاو**

هەروەک جاران لەسەر کورسییەک لە بەرپەنجەرەکەدا دانیشتبووم. کەس بە دەرەوە نەبوو، تۆیش هەر بەیانی زوو چوویتە دەرەوە.
(وچان)
جگە لە هەوا هیچ شتێکی تر لە دەرەوە نەدەجووڵایەوە. کات و کەژەکانی ساڵم لێ تێکچوبوو. وەرزەکانی ساڵم تێکەڵاو دەکرد. درەختەکان زۆربەی شتەکانی دەرەوەیان لە بەرچاوم دەشاردەوە.
(بێدەنگی)

**گەنجە گیتارژەنەکە**

جاران وامدەزانی بێ مۆسیقا دەمرم.

**ژن**

ئەم پیاو و کچەت لە کوێ دی؟

**گەنجە گیتارژەنەکە**

ئەوان چاوەڕوانی تۆیان دەکرد.

**پیاو**

هەستم دەکرد، دەمێ ساڵە بێ جووڵە لەسەر کورسییەکەم دانیشتوم.
(وچانێکی کورت)

تەنها هەر تەماشای دەرەوەم دەکرد و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم دەکرد.
(بێدەنگی)
ڕۆژەکە هات و...

**ژن**

(قسەکەی پێ دەبڕێت)
هەندێک جار تۆ خۆت لە یاد دەکەیت.

**کچە بچووکەکە**

کەی بچین جۆلانێ بکەین؟

**پیاو**

وەک تۆ هەوڵم داوە شتم لە بیر نەچێتەوە. بیرم خراپە و شتم لە بیر دەچێتەوە.
(وچانێکی کورت)
حەزم دەکرد بیرتیژ بوومایە و ئەوەندەیش شتم لە بیر نەچوایەتەوە.
(پێدەکەنێت)
هەوڵێکی زۆرم داوە لەوە بگەم، بۆچی شتم بیر بکەوێتەوە، من هەمیشە شتم بیر دەچێتەوە.

**گەنجە گیتارژەنەکە**

ئێوە یەکتری دەناسن.

**پیاو**

تکایە واز لە ئێمە بێنە و ژیانمان هێندەی تر تێک مەدە.

**ژن**

(دەستی کچە دە ساڵییە بچووکەکە دەگرێت و دەیەوێت بڕۆنە دەرەوە)

**گەنجە گیتارژەنەکە**

ببوورە!

**ژن**

من دەڕۆم

(وەک ئەوەی بیر بکاتەوە)

چیی تر هیچ وشەیەکم لە دەم نەدەهاتە دەرەوە، نەمدەتوانی قسە بکەم و زمانم دەیگرت و لە تاودا کەوتمە قرتاندنی نینۆکەکانم. ڕقم لە خۆم و لە ژیان دەبووەوە، ئەم هەستەیش هێندەی تر ماندووی کردبووم، کە دەڕۆیشتم بەڕێوە، وەک کەسێکی پەککەوتە وا بووم. جەستەم بە دوای خۆمدا ڕادەکێشا و قاچەکانم قورس بوون.

(بێدەنگی)

ئەویش متمانەی بە من نەمابوو. چەندان جار منی لە سەیارەکەی هاوڕێکەی ترمدا بینیی بوو.

(وچانێکی کورت)

ئەوەی زۆر سەیر بوو، هەرگیز بیرم لەم ژیانەی خۆم نەدەکردەوە و توانای ئەوەم نەبوو پرسیارێک لە خۆم بکەم، وامدەزانی ژیانم دەبێت وا بێت.

**تاریکی**

## دیمەنی حەوتەم

**ژن**

من هەرگیز وازم لە تۆ نەهێنا، تەنانەت ئەو کاتەی ڕۆیشتیشیت. دڵنیا بووم، بەشێک لە تۆ هەرگیز نامرێت و لە مندا دەمێنێتەوە.

(وچانێکی کورت)

لەو بڕوایەدا بووم، لێم دەبووریت.

(پێدەکەنێت)

بەڵام تۆ نەتتوانی لێم ببووریت.

(وچانێکی کورت)

لێت تێدەگەم. من ئازارم زۆر بوو، ئازاری تۆیشم زۆر دا، هەروەها پەیوەندییەکانیشم، کە نەدەکرا لەبەر تۆ واز لە هیچیان بهێنم.

(بێدەنگی)

ئێمە هەریەکەمان نهێنیی خۆی هەیە، نهێنییەک کە کەس نازانێت چییە.

**پیاو**

تۆ منت خۆش نەدەویست!

**ژن**

نەخێر! بەو شێوەیە نا کە تۆ دەتویست.

**پیاو**

دەمزانی، من چاک ئەوەم دەزانی.

(وچانێکی کورت)

لەوە گەیشتبووم. لەو بڕوایەدا بووم کات ڕۆڵی خۆی دەبینێت و لێکمان نزیک دەکاتەوە.

**ژن**

تۆ لێم نەبوورایت!

**پیاو**

(پێدەکەنێت)

**ژن**

نەتتوانی لێم ببووریت!

**پیاو**

تۆ بۆ من مردوویت.

(بێدەنگی)

لە خودی خۆتدا!

**ژن**

چی؟

**پیاو**

لە خودی خۆتدا مردوویت. هەروەک ئەوەی هەرگیز یەکمان نەبینیبێت.

**ژن**

من و تۆ؟

**پیاو**

بەڵێ، من و تۆ!

(وچان)

**ژن**

تۆ دووری لە من. زۆر.

(وچانێکی کورت)

سارد و دوور.

**پیاو**

من هەرگیز وازم لە تۆ نەهێنا، تەنانەت ئەو کاتەی ڕۆیشتیشم.

(وچان)

من لە کەس دڵنیا نەبووم، بڕوام بە کەس نەدەکرد، کەسم خۆش نەدەویست، یادی کەسم نەدەکرد. هەمیشە دەترسام و سڵم لە هەموو شتێک دەکردەوە، لە هەموو شتێک بە گومان بووم.

(بێدەنگی)

لە تۆ بە گومان بووم، لە تۆ!

(سەیرێکی ژنەکە دەکات)

تووشی دڵەڕاوکێ بووم، لەگەڵ ئەوەیشدا هەستم دەکرد، هەموو شتێک گوناهی منە و من تاوانبارم و ئازاری ویژدان وێرانی کردبووم.

**ژن**

دەستت بخەرە ناو دەستمەوە.

(ژنەکە دەستی پیاوەکە دەگرێت و دەچنە دەرەوە)

**تاریکی**

**دیمەنی هەشتەم**

(ژنەکە لەسەر جۆلانەکە دانیشتووە و خۆی ڕادەژەنێت)

**ژن**

لە خەومدا لە شوێنێکی تر بووین، ئەو شوێنەی تۆیش دەتویست بۆی بڕۆیت. هەردووکمان بووین.

(بێدەنگی)

(ژنەکە گوژمی خێرا بە جۆلانەکە دەدات، لە پڕ جۆلانەکە دەوەستێنێت و دادەبەزێت)

ئەو شوێنەی تۆیش دەتویست بۆی بڕۆیت. لە شوێنێکی تر.

(وچانێکی کورت)

منیش دەمەوێت لەوێ بم. هەر شوێنێک بێت، تەنها ئێرە نا. نامەوێت چیی تر لێرە بم و تۆیش لە شوێنێکی تر.

(بێدەنگی)

**تاریکی**

**دیمەنی نۆیەم**

(کچە بچووکە دە ساڵییەکە لەسەر جۆلانەکە دانیشتووە و جۆلانە دەکات)

(لە دوورەوە گوێمان لە دەنگی گەنجە گیتارژەنەکەیە گۆرانیی دەڵێت)

**دەنگی گەنجە گیتارژەنەکە**

(بەدەم ژەنینی گیتارەکەیەوە گۆرانیی دەڵێت)

تۆ ئاواتت چییە؟
چی دەخوازی لە بەهاردا
کێ گۆرانیت بۆ بڵێت
لە هاویندا؟
تۆیش گوتت،
لە ژێر باراندا ماچم بکەی
گوتی،
ئەی تۆ ئاواتت چییە
لە بەهاردا
لە هاویندا
لە پایزدا؟
گوتم
کە، زووو باران ببارێت...

(کچە بچووکەکە خێراتر گوژم لە جۆلانەکە دەدات)

**تاریکی**

٢٠١٨/٤/١٨

# من و تۆ لەگەڵ ''با''دا

دەقێکی شانۆیی لە چوار بەشدا

# لەگەڵ بادا بڕۆ

کارەکتەرەکان
پیاو، تەمەنی لەنێوان ٦٠ بۆ ٦٥ ساڵدایە
ژن، تەمەنی لەنێوان ٥٠ بۆ ٥٥ ساڵدایە

**دیمەنی یەکەم**
**پێش نیوەڕۆ**

**ژن**
(لە بەرپەنجەرەکەدا وەستاوە و سەیری دەرەوە دەکات)
لە بەردەم ئەم پەنجەرەیەدا، بەدەم چاوەڕوانیی تۆوە چەند سەیری وەرزەکانی ساڵم کرد، بەهار، هاوین، پایز و زستان.
(وچانێکی کورت)
دارسێوەکان، دارئەرخەوان و گوڵەکان.
(بێدەنگی)
**پیاو**
بەیانی، کە خەبەرم بووەوە، یەکەم شت بە خەیاڵمدا هات ئێوە بوون. وامدەزانی ڕۆیشتوون.
**ژن**
بۆ؟
**پیاو**
چی بۆ؟
**ژن**
(وچانێکی کورت)

هەموو ئەم شەو خەونم پێوە بینیوون، وەلێ زۆر سەیرە هیچم لە یاد نەماوە. کە هەستام، نەمدەزانی شەوە یان ڕۆژە!

**پیاو**

شەست ساڵی تەمەنم تێ پەڕاندووە.

(وچانێکی کورت)

کات لە ئاو قورسترە بەسەر شانمەوە. هەست دەکەم لێرەم و لێرەیش نیم. وەک جارانیش خەو نابینم.

**ژن**

خۆی خەون چەند چرکەیەکە، وەلێ نازانم بۆ وا هەستم دەکرد هەموو شەوەکە خەون بە ئێوەوە دەبینم.

(بێدەنگی)

ئا، تەنها شتێکم لە بیر ماوە.

(پێدەکەنێت)

لە خەونەکەمدا پێشتر یەکترمان نەناسی بوو. هەر ئەوەندە.

**پیاو**

ئێمە؟

**ژن**

چی ئێمە؟

**پیاو**

کە یەکترمان نەناسی بوو!

**ژن**

ئا. لە خەونەکەمدا!

(هەردووکیان پێدەکەنن)

**پیاو**

بەیانییەکی خۆشە!

**ژن**

ئەمڕۆ؟

**پیاو**

کە ڕۆژانە دەچووم بۆ زانکۆ، لە ڕێگا خەڵکم دەبینی. هەموو ڕۆژێک. هەمان دەموچاو.

(وچانێکی کورت)

ئێمە هەموو ڕۆژ یەکتریمان دەناسیەوە، بێ ئەوەی هیچ شتێک دەربارەی یەکتری بزانین. جاری وا هەبوو، بە خەندەیەکی خێرا سڵاومان لە یەکتری دەکرد، هەروەک ئەوەی بە یەکتری بڵێین، ئەمڕۆیش لێرەین و دەچینە سەر کارەکانمان و هێشتا لە ژیانداین.

**ژن**

لە بیرتە؟

**پیاو**

چیم لە بیرە؟

**ژن**

کە جارێکیان لە زانکۆ پێم گوتی، زۆر پێم خۆشە وێنەت لەگەڵدا بگرم، بەڵام هیچ وێنەیەکم نییە. ڕەنگە هەر بەم جۆرە بڕوات، وێنەمان نەبێت!

(بێدەنگی)

وێنەمان نەبێت. بێ وێنە بین. من و تۆی تەنیا.

(پێدەکەنێت)

(ژنەکە چەپکە گوڵێک دەخاتە گوڵدانێکەوە و لەسەر لێواری پەنجەرەکە دایدەنێت)
(پیاوەکە سەیری دەکات، لە ژنەکە دەچێتە پێشەوە و لە ئامێزی دەگرێت)

**ژن**

ڕەنگیان زۆر جوانە.

**پیاو**

دەچوومە بازاڕی گوڵفرۆشەکان و سەیری ئەو ئافرەتانەم دەکرد کە گوڵیان دەکڕی.

**ژن**

کەی؟ ئەی بۆ بە منت نەوتووە؟
(وچانێکی کورت)
بۆچی سەیری ئەو ئافرەتانەت دەکرد؟

**پیاو**

زۆر حەز بە تەماشاکردنی ئافرەت دەکەم، کە گوڵ دەکڕن. هەموو سیمایان دەگەشێتەوە.
(پیاوەکە ماچێکی ڕوومەتی ژنەکە دەکات، هەڵدەستێت و لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە)

**ژن**

بەردەوام شتم بیر دەچێتەوە. ماوەیەکە واملێهاتووە! کە تازە یەکترمان ناسی بوو، هەموو شتێکم بیر دەچووەوە، قسەکانی ئەو نەبێت. ئەوسا عاشق بووم، بیرمە براکەم پێی وتم، ئەوە بۆ واتلێهاتووە، هەرچییەک دەڵێم، دەڵێیت نازانم، لە بیرم نییە، چییە عاشقی؟
(پێدەکەنێت)

ئەی ئێستا؟
(بێدەنگی)
ئەوسا پێم دەوت، زۆر خۆشحاڵم دەکەیت کە قسە دەکەیت، لەبەر ئەوەنا شتێک دەڵێیت، ئەسڵەن هەر لە قسەکانیشت حاڵی نابم، بەڵام بیستنی دەنگتم خۆش دەوێت. کاتێک قسە دەکەیت گوێ لە دەنگت دەگرم، نەک قسەکانت.
(پێدەکەنێت)
ئەوەندەم خۆش دەویست حەزم بە هاوسەرگیری نەدەکرد لەگەڵی. پێم دەگوت، خۆزگە من، تۆ دەبووم، خۆزگە تۆیش، من دەبوویت، خۆزگە ئێمە یەک بووینایە، کەچی ئەو هەر پێدەکەنی. من تووڕە دەبووم. بە چی پێدەکەنیت؟
(پیاوەکە دێتەوە ژوورەوە)
(سەیری ژنەکە دەکات و بەرەو ڕووی دەڕوات)
**پیاو**
ژنەکان چیرۆکی خۆیان بە وێنە دەگێڕنەوە.
**ژن**
لە کوێ؟
**پیاو**
لە پێشانگایەکدا! پێشانگایەکی فۆتۆگرافیی سەیر. دوێنێ لەوێ بووم.
(بێدەنگی)
وێنەکان چیرۆکی ئەو ژنانەیان دەگێڕایەوە، کە چۆن منداڵەکانییان لە بار بردووە. پێشانگاکە لە ژێر ناوی (شاری ژنان)دا بوو.

**ژن**

بۆچی شاری ژنان؟ ئەی بۆ شاری پیاوان نەبوو؟

**پیاو**

باسی ئەو ژنانەی دەکرد، کە منداڵ لە بار دەبەن. لەو وڵاتانەی یاسا ڕێگا بە لەباربردنی منداڵ نادات! ئەوانیش ناچار دەبن بگەڕێن بە دوای ڕێگای تردا. زۆرجار بە ڕێگایەکی زۆر خراپ، کە ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە و ڕێژەیەکی زۆریش مردوون.

**ژن**

(تووڕەیە)

هەموو کەسێک دەبێت لە ژیاندا کەسێکی هەبێت، تا هەست بکات بێ ئەو دونیا وێران دەبێت.

(وچانێکی کورت)

تامی شکستی گەورە لە خۆشەویستیدایە.

**پیاو**

(بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات)

ئاسمان چەند نزیک بۆتەوە، خەریکە بە تەواوی دێتە خوارەوە.

**ژن**

بیر لەو ژنانە دەکەمەوە!

**پیاو**

کام ژنانە؟

**ژن**

(هەندێک تووڕەیە و نائارامە)

ئەوانەی ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە، بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی هەڵیانگرتوون، لە باری بەرن. بۆ دەبێت بە ڕێگای پڕ مەترسی منداڵەکانیان لەبار بەرن؟

(بێدەنگی)

کە لە دایک بووین ژیان ڕەنگاوڕەنگ بوو، بەڵام وێنەکانمان ڕەش و سپی بوون.

**پیاو**

کام وێنانە؟

**ژن**

(پێدەکەنێت)

کەچی ئەمڕۆ وێنەکانمان ڕەنگاوڕەنگن.

(وچانێکی کورت)

ژیانیش ڕەش و سپی.

**پیاو**

دەبێت شتێک بکەین.

**ژن**

شتی چی؟ هیچ نییە بیکەین.

**پیاو**

درەنگە؟

**ژن**

چی درەنگە؟

**پیاو**

بچینە دەرەوە. پیاسەیەک بە ناو پارکەکەی خۆماندا بکەین.

**ژن**

ئەو پارکە چیی تر هیی ئێمە نییە!

**پیاو**

(سەیرێکی ژنەکە دەکات، دەست بە قژیدا دەهێنێت)

چیی تر منت خۆش ناوێت؟

(ژنەکە پێدەکەنێت)

چیی تر عاشقی من نیت؟

(بێدەنگی)

نەچینە دەرەوە؟

**ژن**

حەز ناکەم زۆر دوور بڕۆین، تەنها ئەوەندە دوور دەکەوینەوە کە لە یەکتر نزیک بین. ئەوەندە دوور مەکەوەرەوە لێم، کە ئاوڕت دایەوە جگە لە ماچەکانت، هیچ دیار نەمابێت.

**پیاو**

دەزانی لەم سەفەرەی دوایمدا باران زۆر باری. چەترەکەم هەڵدەکرد و بەدەم بۆنی بارانەوە لە ڕەنگەکانم دەڕوانی.

(بێدەنگی)

(ژنەکە سەیری پیاوەکە دەکات)

ڕەنگی سوور، درەختی زەرد و گەڵای سەوز، منێکی سپی و هەندێک جاریش ڕەش.

**ژن**

تۆ سەفەر زۆر دەکەیت و من بە تەنیا بە جێ دەهێڵیت. ئەم جارە دێم لەگەڵت.

**پیاو**

سەفەر بکە و با هیچ کەس نەزانێت.

**ژن**

من؟ بە تەنیا؟

(وچانێکی کورت)

بە هیچ شێوەیەک. ئەمجارە لەگەڵ تۆ دێم.

**پیاو**

دڵت بدە بە پیاوێک و بە کەس مەڵێ!

(ژنەکە سەیری دەکات و پێدەکەنێت)

با کەس نەزانێت تۆ چی دەکەیت!

**ژن**

کەس کێیە؟ تۆ باسی چی دەکەیت؟

**پیاو**

خەڵکی شتە جوانەکان تێک دەدەن.

**ژن**

کێ وا دەڵێت؟

**پیاو**

(پێدەکەنێت)

شاعیرەکە! شاعیرێک وا دەڵێت و لە شوێنێکدا خوێندومەتەوە. دەڵێت با ئەوەی دەیکەیت و دڵت پێی خۆشە، کەس پێی نەزانێت، چونکە خەڵک شتە جوانەکانی یەکتر تێک دەدەن.

**ژن**

با بڕۆین. ئەوەندە شیعریش مەخوێنەرەوە.

**پیاو**

(پێدەکەنێت)

با بڕۆین.
(له شوێنی خۆیان ناجووڵێن)

**تاریکی**

**دیمەنی دووەم**

**دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ**

**پیاو**

من لەم بیست ساڵەی دوایی تەمەنمدا، هەمیشە هەستم کردووە لە شوێنێکی ترم. هەست دەکەم یادەوەرییەکانم لە بیر چۆتەوە. شتەکان دێنەوە یادم، بەڵام وەک بڵێی لە مندا ناژین و بوون بە چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافیی کۆنی ڕەش و سپی.

(بێدەنگی)

من خۆم بووم بە وێنەیەکی فۆتۆگرافی. هەست ناکەم ئەوە منم لەناو پەنجەرەی ماڵەکەماندا وەستاوم و سەیری دەرەوە دەکەم.

(بە پێکەنینەوە)

بەڵکو تەنها ئەوەی لە من ماوەتەوە.

(وچانێکی کورت)

ئەوم لە ژوورێکی تاریکدا ناسی. بە پێکەنینەوە دەمانگوت ژوورە تاریکەکە.

(پێدەکەنێت)

ژووره تاریکەکە بوو بە وێنەیەک و تەنها ئەوی تێدا بوو.

(وچانێکی کورت)

لە وێنە ڕەش و سپییە کۆنەکان دەچێت. ژووره تاریکەکەی چل ساڵ لەمەوبەر ئەوی بە من بەخشی.

(بێدەنگی)

ئێستایش لە ناو پەنجەرەی ژوورەکەی ئەودا وەستاوم. ژوورەکەی هەردووکمان. هەست دەکەم ڕۆژگارەکان زوو تێپەڕ دەبن و ناپاکیم لەگەڵ دەکەن، تەمەنم لەگەڵ خۆیان دەبەن و دڵێکی تەنگ و غەمگین، بە تەنیا لە ژوورەکەدا بە جێ دەهێڵن. دەبێت دەستیشم پێوەی بێت، نەوەک با یان ڕەشەبایەک لوولی بدات و لەگەڵ خۆی بیبات.

(وچانێکی کورت)

**ژن**

(دێتە ژوورەوە)

ئەوە تۆ لە کوێیت؟

**پیاو**

گوتت چی؟

**ژن**

گوتم تۆ لە کوێیت؟

**پیاو**

لێرەم!

**ژن**

وامزانی ڕۆیشتوویت؟

**پیاو**

نا، لێرەم!

**ژن**

لە هەر کوێیەک بیت و چەند ون بیت، ڕێگایەک هەر پەیدا دەکەم بۆ دۆزینەوەت.

(وچانێکی کورت)

دڵم لە لات بوو.

**پیاو**

(سەیری دەرەوە دەکات)

کێ؟

**ژن**

چی کێ؟

**پیاو**

(بێدەنگی)

**ژن**

(پێدەکەنێت)

من. دڵم لە لات بوو.

**پیاو**

لای من؟

**ژن**

منداڵ نیم، بەڵام تۆ دەستم بەر بدەیت، ون دەبم!

(پێدەکەنێت)

لە بیرتە؟

**پیاو**

گوتت چی؟

**ژن**

چەند ساڵێک لەمەوبەر، من وتم منداڵ نیم، بەڵام تۆ دەستم بەر بدەیت ون دەبم!

**پیاو**

تۆ واتگوت؟

**ژن**

ئا، من.

(بێدەنگی)

ئێستا هەست دەکەم منداڵم. ئەوەتەی دایکیشم مردووە، ئەو هەستەم زیاتر لا دروست بووە.

(وچانێکی کورت)

(دەیەوێت قسە بکات، بەڵام هیچ ناڵێت)

**پیاو**

هەندێک جار ڕابردوو دەبێتە پێویستییەک، بۆ ئەوەی تێیدا بژیت!

**ژن**

(لە پیاوەکە دوور دەکەوێتەوە. ئاوڕێکی لێ دەداتەوە)

بۆ دەبێت مرۆڤ بە دەستبەردانی کەسێکی تر، هەست بە ونبوون بکات؟

**پیاو**

هەمیشە کەسانێک هەن لە کەسانێکی تر جیاوازترن. کەسانێک لەنێو هەزاران کەسی تردا، بۆ کەسێکی تر دەبێتە شتێکی جیاواز، چاودێریی دەکات، سەیری هەنگاوەکانی دەکات، لەگەڵی گەشە دەکات، بە چاوی

ئەو شتەكان دەبينێت و لەگەڵ ئەو هەستكردن بە بوون، دەبێتە بوونێكی تر!

(بێدەنگی)

(ژنەكە پێدەكەنێت)

**ژن**

چییە، ئەم قسانەت لە چ كتێبێكدا خوێندۆتەوە.

**پیاو**

(سەیری ژنەكە دەكات، دەست بە قژیدا دەهێنێت)

ئێستا ئەو هەستەم هەیە، بەڵام لەوانەیە بە شێوەیەكی تر.

(وچانێكی كورت)

(سەیری ژنەكە دەكات)

من پیر بووم. لەگەڵ تۆ پیر بووم. دەستی تۆم گرتووە و گەر دەستم بەر بدەیت، ڕەنگە ون بم و ماڵی خۆمانم بۆ نەدۆزرێتەوە.

(هەردووكیان پێدەكەنن)

**ژن**

زۆر زەحمەتە ڕاهاتن لەسەر بێتۆیی.

**پیاو**

گوتت چی؟

**ژن**

هیچ!

**پیاو**

(دەچێتە بەر پەنجەرەكە و سەیری دەرەوە دەكات)

چەند حەز دەكەم سەیری ئاسمان بكەم.

**ژن**

دەترسم نەتبینمەوە!
(وچانێکی کورت)
زۆرت بیر دەکەم
**پیاو**
نەچینە دەرەوە.
(وچان)
بۆنی دەریا دێت.
**ژن**
(بیردەکاتەوە)
بیرم هەر لای ئەو ژنانەیە!
**پیاو**
کام ژنانە؟
**ژن**
ئەوانەی منداڵەکانیان لە بار بردووە. پێشانگاکە. بۆ دەبێت ئەو ژنانە ئەو ڕێگا پڕ مەترسییە هەڵبژێرن. بۆ دەبێت پیاوەکان یارمەتییان نەدەن. بەرپرسیاری یەکەم پیاوەکانن. ئەوان تاوانەکە دەکەن و بۆی دەردەچن.
(سەیری پیاوەکە دەکات)
تۆ هەموو ژیانت خەریکی کتێب خوێندنەوە بوویت، بۆ وایە؟
**پیاو**
جارێکیان ژنێکم بینی. دووگیان بوو. لە زانکۆ کاری دەکرد. دەیگوت دەبێت لە مێردەکەم جیا ببمەوە.
(وچان)

زۆریشی بیر دەکەم. بەردەوام هەر بیر لەو دەکەمەوە. من دەزانم، ناتوانم ئەوم بیر بچێتەوە، ناتوانم لەگەڵیشی بژیم.

(بێدەنگی)

یادی ئەو لە دەرەوەی کاتە.

(وچان)

پێم گوت مەبەستت چییە؟ سەیرێکی کردم، وەک ئەوەی من هیچ حاڵی نەبم. بە پێکەنینەوە گوتی لێرە بێجگە لە دووریی ئەو، هیچ شتێک لە من نزیک نییە!

(وچانێکی کورت)

وایگوت و ڕۆیشت! ئیتر نەمدییەوە. زۆرجار بیری لێ دەکەمەوە، دەبێت چیی لێ هاتبێت؟ منداڵەکەی بووبێت؟ هەر بەڕاستی وازی لەو پیاوە هێنابێت، کە باسی دەکرد؟

**ژن**

یەکەمجارە ئەمە بۆ من باس دەکەیت. بۆ تا ئێستا باست نەکردووە؟

(بێدەنگی)

بۆ ڕۆیشت؟ هەر ئاوا ڕۆیشت، بێ ئەوەی هیچ بڵێت؟

**پیاو**

هەر ئاوا ڕۆیشت!

(وچانێکی کورت)

دەبێت بڕۆم؟

**ژن**

نابێت نەڕۆیت. هەمیشە لە دەرەوەیت، خۆ وەک جاران گەنج نیت، نیوە شەو بگەڕێیتەوە. مەڕۆ ئێوارە پێکەوە دەچینە دەرەوە.

**پیاو**

دەبێت بڕۆم، کارێکم لە زانکۆ ماوە، دەبێت تەواوی بکەم.

**ژن**

(بێدەنگی)

لەگەڵ با بڕۆ! دەبوایە تۆ با بوویتایە.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات، پێدەکەنێت)

ئێمە چل ساڵە باسی با دەکەین. من و تۆ لەگەڵ با دا.

**ژن**

بەڕاست بۆچی تۆ نەبوویت بە با؟

(وچانێکی کورت)

یان ڕەشەبا؟

(هەردووکیان پێدەکەنن)

**پیاو**

دەبێت بڕۆم. کاتم زۆر نییە.

**ژن**

بۆ کوێ دەڕۆیت؟

**پیاو**

بۆ زانکۆ!

**ژن**

بۆ بەم درەنگانە دەچیت بۆ زانکۆ؟

**پیاو**

هەندێک کارم هەن دەبێت تەواویان بکەم.

**ژن**

(وچانێکی کورت)

کەس دەبینیت؟

**پیاو**

نازانم! کەسێک هەر دەبینم!

**ژن**

کەسێک! وەک کێ؟

(وچانێکی کورت)

بەڵێنت بە هیچ کەسێك داوە بیبینیت؟

**پیاو**

گوتت چی؟

**ژن**

گوتم بەڵێنت بە هیچ کەسێك داوە بیبینیت؟

**پیاو**

من؟

(پێدەکەنێت)

نا. کە لە زانکۆ بیت، کەسێک هەر دەبینیت! قوتابی یان هاوڕێ و هاوکارەکانم.

**ژن**

کەسێک هەر دەبینیت!

(بێدەنگی)

وایە! ڕاست دەکەیت. لەوێ کەسێک هەر دەبینیت.

**پیاو**

ناڕۆم. ئەمڕۆ لەماڵەوە دەبم. دەزانم تۆ پێت خۆشە لە ماڵەوە بم. ئەم ماوەیە کارم زۆر کردووە و کەم لە

ماڵەوە بووم، هێندەیشم نەماوە و بە یەکجاری دێمەوە بۆ ماڵەوە. کارەکان کەڵەکە بوون و بەر لەوەی واز بێنم، دەبێت تەواویان بکەم. ئەم ساڵ سەفەر نەیهێشت کارەکان لە کاتی خۆیدا تەواو بکەم. سەفەرەکانیش هەر بۆ کارەکەم بوون.

**ژن**

تۆ من زۆر بە تەنیا بە جێ دەهێڵیت.

**پیاو**

من؟

**ژن**

بەڵێ تۆ!

**پیاو**

ئێستایش ئەو ڕۆژەم بە باشی لە یادە.

**ژن**

(سەیری دەکات)

کام ڕۆژە؟

**پیاو**

لەگەڵ منت بوو؟

**ژن**

ئەی خۆ لەگەڵ دیوارەکە قسە ناکەم!

**پیاو**

(پێدەکەنێت)

**ژن**

بە چی پێدەکەنیت؟

**پیاو**

(لە ژنەکە دەچێتە پێشەوە، بۆنی قژی دەکات)

بۆنی قژت چەند خۆشە! دەزانی من هەمیشە حەزم لە بۆنی قژت کردووە؟

(بێدەنگی)

**ژن**

کام ڕۆژە؟

**پیاو**

چی کام ڕۆژە؟

**ژن**

کە گوتت ئێستایش بەباشی لە یادتە؟

**پیاو**

ئەها، ئەو ڕۆژەی خۆمان.

**ژن**

(سەیری پیاوەکە دەکات)

کام ڕۆژەی خۆمان؟

**پیاو**

کە بۆ یەکەمجار لە زانکۆ یەکتریمان بینی. ئەو ڕۆژەی عاشقت بووم. کە هاتمە ناو زانکۆوە، لە بەر خۆمەوە گوتم.

(قسەکە بە خۆی دەبڕێت)

**ژن**

گوتت چی؟

**پیاو**

(پێدەکەنێت)

کەسێک هەر دەبینم!

(وچانێکی کورت)

**ژن**

جا کەست بینی؟

**پیاو**

بەڵێ، کەسێک هەر دەبینم. لە بیرت نایەت.

**ژن**

نەخێر

**پیاو**

تۆم بینی، تۆ. چ ڕۆژێکی خۆش بوو.

(دەڕوات بۆ لای پەنجەرەکە، سەیرێکی دەرەوە دەکات و ئاوڕ دەداتەوە بۆ ناو ژوورەکە)

ئەو ڕۆژەی تۆم بینی.

(وچانێکی زۆر کورت)

گوتم کەسێک هەر دەبینم. ئیتر تۆم بینی.

**ژن**

ئەمڕۆیش کەسێکی تری وەک من نەبینی، بڕۆیت و نەگەڕێیتەوە؟

(بێدەنگی)

(ژنەکە پێدەکەنێت)

من تا ئێستایش نازانم لە کوێم، وەلێ ئێوە لە دڵی منداڵ.

**پیاو**

لە بیرتە پێم دەگوتی، تۆم دەوێت بۆ ژیان، نەک بۆ خۆشبەختی، تۆ خودی ژیانیت.

**ژن**

(پێدەکەنێت)

ئەوە من بووم، وام بە تۆ گوت.

(وچانێکی کورت)

تۆ بۆ من خودی ژیانیت.

**پیاو**

(بە خۆشەویستییەوە سەیری ژنەکە دەکات)

من ئەو ڕۆژە کەسێکم بینی.

(بێدەنگی)

ئەو کەسە بوو بە ژیانم، نەک بۆ خۆشەویستی، بۆ ژیان خۆی.

(وچانێکی کورت)

تۆ خودی ژیانیت.

**ژن**

نارۆیت؟

**پیاو**

با. لەگەڵ با دەڕۆم.

**ژن**

داوا لە با دەکەم ئاگای لێتان بێت.

**پیاو**

زوو دەگەڕێمەوە.

(وچانێکی کورت)

گەر توانیمان، دوایی دەڕۆینە دەرەوە.

**ژن**

کەی؟

**پیاو**

کە هاتمەوە.

(وچانێکی زۆر کورت)

دەبێت بڕۆم.

(پیاوەکە ڕوومەتی ژنەکە ماچ دەکات)

زوو دەگەڕێمەوە.

(پیاوەکە لە جێگای خۆی ناجووڵێت)

**ژن**

داوا لە با دەکەم ئاگای لێتان بێت.

**تاریکی**

## دیمەنی سێیەم
## ئێوارەی هەمان ڕۆژ

### ژن

(کتێبێکی بە دەستەوەیە و خەریکی خوێندنەوەیە)

ڕۆژ ناڕوات. بێزارم لەم هەموو دووبارەبوونەوەیە، ئەمڕۆ دەستم کرد بە خوێندنەوە و دوو کتێبم تەواو کرد.

(پێدەکەنێت)

دوو کتێب!

(وچانێکی کورت)

ئەویش هێشتا نەهاتۆتەوە، گوتی زوو دێمەوە.

(بێدەنگی)

کتێبەکان باسی شەڕ دەکەن. شەڕ و شەڕ. هەموو دونیا هەر شەڕە. من هیچ کات حەز بە ڕووبەڕووبوونەوە ناکەم. ڕقم لە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکە، تەنانەت حەز ناکەم بەرانبەر هیچ مرۆڤێکیش دانیشم.

(وچان)

سەیرکە، تەنها نیو سەعات ڕووبەڕووی تۆ دانیشتم چیم بە سەر هات؟

(پێدەکەنێت)
لێگەڕێ هەر خۆم بزانم. نیو سەعات ڕووبەڕووی تۆ! نیو سەعات بوو بە چل ساڵ. چل ساڵە ڕووبەڕووی تۆ دانیشتووم. چل ساڵ تەمەنێکە!
(وچانێکی کورت)
تۆم دەوێت بۆ ژیان، نەک بۆ خۆشبەختی، تۆ خودی ژیانیت.
(سەیری کتێبەکەی دەستی دەکات)
ئەو کتێبە باسی عاشقێکی دەکرد، کە لەبەر دڵدارەکەی ناپاکی لە باوک و هاوڕێ و هاونیشتمانییەکانی دەکات و لەگەڵ دوژمن ڕێک دەکەوێت. دواتر بە دەستی باوکی دەکوژرێت.
(بێدەنگی)
(ژنەکە دەچێتە بەر پەنجەرەکە و سەیری دەرەوە دەکات)
دیار نەبوو، وا دونیایش تاریک داهات، خەریکە درەختەکان لەنێو تاریکییەکەدا بە تەواوی ون دەبن.
(دەگەڕێتەوە ناو ژوورەکە)
خوێندنەوەی ئەو کتێبەیش دڵتەنگی کردم. هیوادارم بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ تۆ تووشی هەڵبژاردەیەکی وا نەبم. تازە نایشبم، ئێمە کاتێکی زۆرە خۆمان داوەتە دەست با.
(وچانێکی زۆر کورت)
من تەنها ئیرەییم بە قوتابییە کچەکانی دەبرد، کە هەمیشە بەدەورییەوە بوون، نەمزانی من دەڕووخێنێت و هەر خۆیشی دروستم دەکاتەوە.
(پێدەکەنێت)

هەروەک ئەوەی هەر جارەی بە پارچەیەک لە خۆیم دروست بکاتەوە. لەپڕ هەستم کرد، بوومەتە ئەو و تەنها کەمێکم لە خۆم ماوە، وەک ئەو قسەم دەکرد و وەک ئەو جلم لە بەر دەکرد و هەروەک ئەویش نانم دەخوارد.

(بێدەنگی)

زۆرجار بێزار دەبین، نەك لە شتێك، كە ڕووی دابێت، بەڵکو لەوە بێزار دەبین کە هیچ شتێك ڕوو نادات. وەک ئەمڕۆ، هیچ ڕوو نادات و تەنانەت با- یش لەجێی خۆی وەستاوە.

(بە نائارامییەوە)

نازانم کەی دەگەڕێتەوە.

(وچان)

سەیرە! تا دایکم مابوو، خەونەکانم بە باشی، بە هەموو وردەکارییەکیانەوە، دەهاتنەوە یاد. ئەو پیاوەی هەمیشە دەهاتە خەونەکانمەوە، بەرانبەرم دادەنیشت و سەیری دەکردم، بێ ئەوەی هیچ بڵێت. تاکە وشەیەکی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە. یان بەردەوام خەونم بە ئافرەتێکی جلڕەشەوە دەبینی، دەهات ژووری نووستنەکەی بۆ ڕێك دەخستم، جلەکانی بۆ هەڵدەخستم و بۆنی چەرچەفە تەڕەکانی دەکرد و دەیگوت، چەندە بۆنیان خۆشە. بۆنی پایزیان لێ دێت. جارێکیان ئافرەتە جلڕەشەکە ژن و پیاوێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، منداڵێکی شیرەخۆریشیان پێ بوو، تا من شیری بدەمێ. لەپڕ منداڵەکە گەورە بوو، رووی وەرگێڕا و بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ڕۆیشت. ژن و

پیاوەکەیش بچووک بچووک بوونەوە و هەردووکیان هاتنە باوەشی منەوە. ئای لەو شەوە چەند ترسام، کە خەبەرم بووەوە هەستم کرد ئافرەتە جلڕەشەکە بە ژوور سەرمەوە وەستاوە، بە هێواشی پشتی تێکردم و لە دەرگاکەوە چووە دەرەوە. نەمدەوێرا سەیری دەرگاکە بکەم و هێزیشم تێدا نەبوو لەسەر جێگاکەم هەستم. دایکم بانگی کردم و من گوێم لە دەنگی نەدەبوو. هاوارم لێکرد، دایە، ژنی خەونەکە لێرە بوو، هاتبووە دەرەوە. دایکم پێم پێدەکەنی و گوتی هەستە کچم درەنگە، بڕۆ بەلوعەکە بکەرەوە و خەونەکەتی بۆ بگێڕەوە. دایکم هەمیشە هەر وایدەگوت، بڕۆ بەلوعەکە بکەرەوە و خەونەکەت بەرە بەر ئاوەکە!

(بێدەنگی)

لەپڕ تۆ هاتیتە ژیانمەوە. هەموو شەوێک خەونم پێوە دەبینیت. کە بەیانی هاتی بۆ لام، گوتم خەونم پێوە بینیویت. تۆیش پێکەنیت و گوتت ئاخر من هەموو شەو بیرم کردوویت.

(پێدەکەنێت)

یانی هەر شەوێک خەونم پێوە دیتن، ئەوە بزانم ئێوە بیرتان کردووم؟

(وچان)

(بە غەمبارییەوە)

لەوەتەی دایکم مردووە خەونیش نابینم!

(بێدەنگی)

(پیاوەکە دێتە ژوورەوە)

**پیاو**

هاتمەوە.

(سەیری ژنەکە دەکات)

خەریکی چیت؟

**ژن**

کەست بینی؟

**پیاو**

نا، نەخێر، کەسم نەبینی!

(وچانێکی کورت)

دەنگی هیچ نایەت. تۆ هەمیشە حەزت لە بێدەنگی کردووە. وامزانی لە ماڵەوە نیت.

(وچانێکی زۆر کورت)

وا من هاتمەوە و بێدەنگییەکەت دەشکێنم.

(پێدەکەنێت)

**ژن**

چەند خۆشە، کە تۆ بێدەنگییەکەم دەشکێنیت.

**پیاو**

(سەیری ژنەکە دەکات)

لێرە نەبووم، وەلێ ئێوە لام بوون.

**ژن**

برسیت نییە؟

**پیاو**

نا، جارێ زووە!

**ژن**

زوو گەڕایتەوە!

**پیاو**

کارەکانم زوو تەواو کرد، کەسیشم نەبینی.

**ژن**

کەسی لێ نەبوو؟

**پیاو**

نا، کەسی لێ نەبوو.

(وچانێکی کورت)

بەهەرحاڵ کەسی لێ نەبوو من بیناسم. کەسم نەبینی بیناسم.

(بێدەنگی)

سەیرە!

**ژن**

چی سەیرە؟

**پیاو**

کەسێک نەبینم بیناسم!

(وچان)

هەستێکی ناخۆش بوو!

**ژن**

چ هەستێک؟

**پیاو**

کەس نەبینم، بیناسم! کاتی من بەسەرچووە. کەسانی تر دێن، قوتابیی تر و مامۆستای نوێ.

**ژن**

تا تۆ هاتیتەوە، من دوو کتێبم خوێندەوە.

(بێدەنگی)

دەرەوە تاریک بووە؟

**پیاو**

گوتت چی؟

**ژن**

دەرەوە تاریک بووە؟

**پیاو**

بەڵێ.

**ژن**

بڕۆین؟

**پیاو**

با-یەکی فێنک دارەکانی دەجووڵاندەوە.

**ژن**

کە تۆ لە دەرەوە بوویت، هیچ بای نەبوو.

(وچان)

لەگەڵ با بڕۆ.

**پیاو**

کە هاتمەوە بایەکی فێنک دارەکانی دەجووڵاندەوە.

(وچانێکی کورت)

بڕۆین

**ژن**

بڕۆین.

**پیاو**

دەڕۆینە دەرەوە.

**ژن**

لەگەڵ با دەڕۆین.

(ژنەکە و پیاوەکە لە جێگای خۆیان ناجووڵێن)
(بێدەنگی)
**تاریکی**

دەتدەمە دەست با

## کارەکتەرەکان

پیاو، تەمەنی لەنێوان ٤٠ بۆ ٤٥ ساڵدایە
ژن، تەمەنی لەنێوان ٣٠ بۆ ٣٥ ساڵدایە

**دیمەنی یەکەم**

**پیاو**

دەڕۆمە دەرەوە.

**ژن**

گوڵەکان چەندە سوورن.

**پیاو**

پایزە و بای هەیە. دەڕۆم و خۆم دەدەمە دەست با.

**ژن**

مەڕۆ، ئەمجارە چاوەڕوان بە؟

**پیاو**

دەبێت بڕۆم، لەوە زیاتر چاوەڕوان نابم، با- تیشکی خۆرەکەیشی لەگەڵ خۆی بردووە.

(وچان)

**ژن**

زۆر گەرمە، خەریکە دەسووتێم. بمدەرە دەست با.

**پیاو**

نا، تۆ خۆت با-یت، لەگەڵ ڕەنگەکان دەڕۆیت، لەگەڵ با دێیتەوە، لەگەڵ با دەنوویت. هەست دەکەم تیشکی ڕۆژت هێناوە و منت جێهێشتوە. دەڕۆم، ئەمجارە بە

پێچەوانەی ڕەوتی با-وە دەڕۆم. دەڕۆم تا دەگەمە لای تۆ.

**ژن**

(وچانێکی کورت)

(بە تێڕامانەوە سەیری پیاوەکە دەکات)

من لێرەم. لەگەڵ با-م.

**پیاو**

بە ڕێگاوە ڕەنگەکان دەژمێرم.

**ژن**

داوا لە با دەکەم ئاگای لێتان بێت.

**پیاو**

(نائارامە)

هەست بە ئازارێکی سەیر دەکەم، هێشتا نەڕۆیشتووم و بیرت دەکەم. لەوە ناچێت بتوانم بڕۆم، بشڕۆم هەر دەگەڕێمەوە، من خۆم دەناسم.

(بێدەنگی)

هەندێک جار بیری هەموو شتێک دەکەم، تەنانەت درەختەکانیش.

(وچانێکی کورت)

تەنانەت درەختەکانیش.

(تۆزێک لە ئافرەتەکە دووردەکەوێتەوە)

ئەوەیش ئازارم دەدات. نازانم بۆ واملێهاتووە، بێ تۆ ناژیم و لەگەڵ تۆیش ئازار دەچێژم. شەو خەوم نییە و کە دەشنووم، لەبەر خەوبینین ناتوانم باش بنووم. یەکجار زۆر خەو دەبینم، خەوی ناخۆش و هەست بە ئازاری جەستەم دەکەم. هەندێک جار لە خەونەکانمدا

دەگریم، هێندە دەگریم تا بە تەواوی ماندوو دەبم. کە خەبەریشم دەبێتەوە، ئارەقەیەکی زۆرم کردۆتەوە. لە خۆم بێزارم.

**ژن**

(سەیرێکی پیاوەکە دەکات)

هەموو شادییەک ئازاری تایبەت بەخۆی هەیە.

(وچانێکی کورت)

هەموو ئازارێکیش بڕێک لە شادی تێدایە.

(وچانێکی زۆر کورت)

بڕۆ، چاوەڕوانی هیچ مەبە و ئاوڕیش مەدەرەوە. لێرە بێت یان لە هەر شوێنێکی تر، تۆ خەوی خۆت هەر دەبینیت. منیش دەگریم، بەڵام قاقا پێشدەکەنم. سەیرە، هەندێک جار لە قاقای خۆم خەبەرم دەبێتەوە. من وەک تۆ نیم، خەو زۆر نابینم، کە خەویش دەبینم، بەیانی کە هەڵدەستم هیچم لە بیر نەماوە. دایکم جاران پێی دەگوتم بڕۆ، بەلوعەکە بەر بدەوە و بۆ ئاوەکەی بگێڕەرەوە.

(وچانێکی کورت)

دایکم وای گوت!

**پیاو**

(بە سەرسووڕمانەوە)

چی بۆ ئاوەکە بگێڕیتەوە؟

**ژن**

خەونەکانم. دەیگوت خەوەکانت بۆ ئاوەکە بگێڕەرەوە و بیدە بە دەم ئاوەوە.

**پیاو**

چی بدەی بە دەم ئاوەوە؟

**ژن**

خەونەکانم؟

(بێدەنگی)

**پیاو**

خەونەکانت؟

(ژن دەچێتە بەر پەنجەرەکە، سەیری دەرەوە دەکات)

لە بەردەم ئەم پەنجەرەیەدا، بەدەم چاوەڕوانیی تۆوە چەند سەیری وەرزەکانی ساڵم کرد، بەهار، هاوین، پاییز و زستان.

(وچانێکی کورت)

دارسێوەکان، دارئەرخەوان و گوڵەکان.

(بێدەنگی)

(ئاوڕدەداتەوە و دێتەوە ژوورەکە، دادەنیشێت و لە بەرخۆیەوە قسە دەکات)

**ژن**

هەموو شادییەک ئازاری تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو ئازارێکیش بڕێک لە شادی تێدایە.

(بێدەنگی)

**پیاو**

گوتت چی؟

**ژن**

نازانم ئەمەم لە چ کتێبێکدا خوێندۆتەوە؟ بۆ بیرم ناکەوێتەوە. لەوانەیشە لە فیلمێکدا گوێم لێ بووبێت. کەسێک بە کەسێکی گوتووە: هەموو شادییەک

ئازاری تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو ئازارێکیش بڕێک لە شادی تێدایە.
(وچانێکی کورت)
بەهەرحاڵ، قسەیەکی جوانە. تۆم بیر دەخاتەوە.

**پیاو**

بۆ منت بیرچۆتەوە؟

**ژن**

(چاوێکی پڕ لە خۆشەویستی هەڵدەبڕێت)
ئەریَ، هەستێکی وەهام هەیە. بیرچوونەوەیەک لە خۆمدا، هەست دەکەم بە دەم باوە دەڕۆین، من تۆ دەدەمە دەست با، بە با-تان دەسپێرم و داوای لیَ دەکەم ئاگای لێتان بێت.

**پیاو**

من ڕقم لە بایە.
(بیر دەکاتەوە)
(وچان)
جارێکیان لە بیابانێکدا لە بەندیخانەیەکدا بەندی بووم، نەمدەتوانی بۆ هیچ شوێنێک بڕۆم، ڕێگاشیان پیَ نەدەدام و دەستبەسەر بووم. لەپڕ بایەک هەڵیکرد، باکە بوو بە ڕەشەبا، ڕەشەباکەی نەخست و بوو بە گێژەڵووکەیەکی خۆڵاوی. خۆڵ لە هەموو لایەکەوە دەباری. قورگم، لووتم و چاوەکانم و هەموو لەشم خۆڵ بوون. خۆڵەکە تا دەهات خەستتر دەبووەوە، تا بە تەواوی بەری تیشکی رۆژەکەی گرت و هەفتەیەک تاریک بوو، خەڵک بە چرا و لایتەوە

هاتوچۆیان دەکرد. ناو دەمم خۆڵ و وردە بەرد بوو. نەمدەتوانی ئاویش بخۆمەوە.

(وچانێکی کورت)

ئاومان هەر نەبوو. سەر و گوێلاکم بە چەشنی عەرەبان پێچایەوە، سوودی نەبوو، هەرچییەکم بکردایە، خۆڵەکە کە لەگەڵ ڕەشەباکە دەهات و دەچوو، زەفەری پێ دەهێنام و دەهاتە هەموو شوێنێکمەوە. تەنانەت ناو دەرپێکەیشم پر بوو لە خۆڵ.

(پێدەکەنێت)

کە ڕەشەباکە نەما و خۆڵەکەیش وەستا، بە خۆشۆردنیش پاک نەدەبوومەوە. ناو قژم پڕ بوو لە خۆڵ و لم، بۆم پاک نەدەکرایەوە، ناچار بە مقەست هەموو قژم هەڵپاچی.

**ژن**

قژت هەڵپاچی! بۆ؟

**پیاو**

بۆم پاک نەدەکرایەوە.

**ژن**

(دەست دەهێنێت بە قژیدا)

قژە جوانەکەت. چەند حەزم لە قژتە. دەزانی؟

**پیاو**

قژی من جوانە؟

**ژن**

با-کە دەیهێنا و دەیبرد، لە بیرتە، کە پیاسەمان دەکرد.

**پیاو**

من و تۆ؟

**ژن**

ئەرێ.

**پیاو**

کەی؟ بیرم نایە!

**ژن**

نازانم.

**پیاو**

بیرم کەوتەوە.

**ژن**

چی؟

**پیاو**

هەموو شادییەک ئازاری تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو ئازارێکیش بڕێک لە شادی تێدایە.

**ژن**

ئێ؟

**پیاو**

ئەو کتێبەی پێکەوە خوێندمانەوە. ڕۆمانەکە. تۆ هەمیشە بە منت دەگوت لە کوڕی ناو ڕۆمانەکە دەچیت، منیش پێدەکەنیم. ژنی پیاوەکە هەمیشە دەیگوت هەموو شادییەک ئازاری تایبەت بە خۆی هەیە...

**ژن و پیاو**

هەموو ئازارێکیش بڕێک لە شادی تێدایە.

(هەردووکیان پێدەکەنن. ژنەکە دەستی پیاوەکە دەگرێت و پێکەوە دەچنە دەرەوە)

(گڤەی با دێت)

**تاریکی**

### دیمەنی دووەم

**پیاو**

هەموو جارێک، کە دەڕۆیشتم، دەیگوت زوو وەرەوە. کە دەیشگەڕامەوە، خەونەکانی بۆ دەگێڕامەوە، شەوی چەند جار خەونی پێوە دیوم، لە خەونەکانیدا چیی کردووە و چۆن قسەی لەگەڵ کردووم. جاران ئەو خەونی نەدەبینی، ئێستا ئەویش وەک من خەون زۆر دەبینێت.

(بێ دەنگی)

ئەوە چەند ڕۆژە ڕۆیشتووم، دەبێت ئێستایش خەونم پێوە ببینێت؟

(وچانێکی کورت)

دەبێت لە خەونەکانیدا چیم پێ بڵێت؟

(وچانێکی کورت)

لە بیرمە جارێکیان، کە بەیانی زوو لە خەو ڕاپەریم، ئەو لەسەر لێواری تەختی خەوەکە دانیشتبوو، سەیری کردم و گوتی: خەونم پێوە بینیون. منیش گوتم ئاخر من هەموو شەو بیرم کردوون. دەمێکە وا بیرم نەکردوون، دەمێکە هێندە لێتان دوور نەبووم. ئەو پێکەنی، سەیری کردم و چووە بەر پەنجەرەکە. لە

ئاسۆی دەڕوانی، بێ ئەوەی ئاوڕم لێ بداتەوە، گوتی: یانی هەر شەوێک خەونم پێوە بینین، ئەوە بزانم، کە ئێوە بیرتان کردووم؟ منیش گوتم، جا دەبێت هەموو شەوێک خەونم پێوە ببینن، چونکە من شەوان زۆرتان بیر دەکەم. نازانم بۆ وام، شەوان ئالوودەتان دەبم. ئەو چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد، لە دەرگاکەوە چووە دەرەوە.

(وچانێکی درێژ)

دەبێت بڕۆم و دەمێکیشە بڕیارم داوە. ئەو پێی ناخۆشە و هەر کە دەڵێم دەڕۆم، دەڵێت بڕۆ، من بە باـتان دەسپێرم، ڕێگاتان لێ ناگرم، بەڵام زوو بگەڕێنەوە.

(وچانێکی کورت)

لەپڕ هاتەوە ژوورەوە، دڵی پڕ بوو، نەیدەویست سەیرم بکات، چووەوە بەر پەنجەرەکە و پشتی تێکردمەوە. منیش بە هێواشی بەرەو لای ئەو ڕۆیشتم، لە لایەوە وەستام و سەیرێکی دەرەوەم کرد و گوتم، ڕۆژێکی خۆشە. ئەو هیچی نەوت، هەر لە ئاسۆی دەڕوانی.

(بێدەنگی)

(بە غەمبارییەوە)

بێ ئەوەی سەیرم بکات گوتی، نەتپرسی خەونەکەم چی بوو؟ هەمدیسان چاوەڕوانی هیچ وەڵامێکی لە من نەکرد، هەر وەک ئەوەی لە ژوورەکەیشدا نەبم.

(وچان)

لە خەونمدا ئێوە لە دەشتاییەکی سەوز لەسەر پشت پاڵکەوتبوون، من لەگەڵ هەندێک کەس بووم، کە

نازانم کێ بوون. لە خوار ئێوەوە بووم، شوێنەکە قوڕ و ئاو بوو.

(وچانێکی کورت)

ئەو شوێنەی من پێیدا هاتم، ئیدی لەو شوێنەوە ئەو کەسانەی لەگەڵم بوون، داوایان لێ کردم بگەڕێینەوە. من هاتم بەرەو سەرتر و ئەوانم جێهێشت. گەیشتمە لای ئێوە، ئێوە هەڵنەستان و هەر سەیرتان کردم.

(بێدەنگی)

گوتتان وەرە سەر سنگم پاڵ بکەوە، لای ئێوەوە پاڵکەوتم، دەستم لە مل کردن و بەشێکی سنگم لەسەر سنگی ئێوە بوو. زۆرم ماچ کردن.

(وچانێکی درێژ)

(لە دوور دەڕوانێت)

بیری خەونەکانی دەکەم. هەست دەکەم زۆر دەمێکە لێرەم، هەست دەکەم لە چاوەڕوانیدا پیر بووم و نازانم چۆن بگەڕێمەوە. تەنیایشم، هەست بە تەنیایی دەکەم و ئەوم لەوێ جێهێشت. ئێمە ئالوودەی یەکین، دەڕۆم و دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەو.

(وچانێکی کورت)

ئەویش زۆرجار دەڕوات، هەر زوویش دەگەڕێتەوە و بە پێکەنینەوە دەڵێت، هەموو شەوێک خەونم پێوە دیت. هەموو جارێک، کە منیش جانتاکەم دەگرت بە دەستمەوە، سەیرێکی دەکردم و بە پێکەنینەوە دەیگوت: دەبڕۆ، بۆ لەوێدا وەستاوی و سەیرم دەکەیت، بڕۆ با لەوە زیاتر دوا نەکەویت. چاوەڕوانتن.

(بێدەنگی)

هەموو جارێکیش دەچوومە دەرەوە، کە دەڕۆیشتم، خۆم نەدەناسییەوە، لە خۆم دەگۆڕام و ناچار دەبووم سەیری قۆڵ و یەکەیەکەی پەنجەکانی دەستم بکەم و بیانجوولێنم. دەمویست هەموو شتێک لەبیر بکەم و تا دەتوانم دوور بڕۆم. هاوڕێکانم زوو هەستیان پێ دەکردم، دەیانگوت بڕۆرەوە بۆ لای ژنەکەت، ئێستا ئەویش چاوەڕوانتە.

(وچانێکی کورت)

مەسەلەکە هەر چاوەڕوانی نەبوو، هەستم بە ترسیش دەکرد. لە چی و بۆچی دەترسام، نەمدەزانی. هەستم بە ئازاری سک و گەدەم دەکرد. بڕۆ داوا لە با دەکەم ئاگای لێتان بێت.

(پێدەکەنێت)

کە دەڕۆم، بە تەنها دادەنیشم، لەگەڵ کەس نە تێکەڵاو دەبم و نە قسەیان لەگەڵ دەکەم و شەو زوو دەچمەوە ئەو ژوورە بچووکەی تێدا دەمێنمەوە.

(وچان)

ئەو شوێنەی هەمیشە تێیدا دەمێنمەوە، ئەو ژوورەی نهێنییەکانمی تێدا دەپارێزم و دەرگا و پەنجەرەکانی بە باشی دادەخەم و بە زستان و بە هاوین پەردە ئەستوورەکانی دادەدەمەوە. لەم شارە رقم لە تیشکی

خۆریشە. رقم لە با و لە شەقامە قەرەباڵغ و ناخۆشەکانییەتی.

(پێدەکەنێت)

ئا، ڕقم لە با-کەشیەتی. ئەو دەمداتە دەست با-و منیش لە دەست با ڕادەکەم. کە دەگەڕێمەوە، بە پێکەنینەوە دەڵێم، خانم چ بایەک بوو ئەو بایە، وا هەڵیکرد، خەریک بوو وام بەرێت، هەرگیز ڕێگای خۆم نەدۆزمەوە. ئەوە با نەبوو، گێژەڵووکە بوو. دوای ئەوە هەردووکمان دەستمان دەکرد بە پێکەنین.

(وچانێکی کورت)

کە تاریک دادەهات، نە دەگەڕامەوە، دەڕۆیشتم بۆ ئەو پارکەی یەکترمان تێدا بینی، ئەو پارکەی تۆ وەک کیژۆڵەیەکی منداڵ بە دوای کۆتر و باڵندەکاندا ڕاتدەکرد و منیش بە دوای تۆدا. کە دەمگرتیتەوە، باوەشم پێدا دەکردیت و خەڵکی بە تیلەی چاو سەیریان دەکردین و سەریان ڕادەوەشاند. هەر لەم شارەیش و لە نزیک پارکەکەوە، لە نەخۆشخانەی منداڵانەکە، ئەو منداڵەمان هەڵگرتەوە بۆ بەخێوکردن. لەبیرتە چەند دڵت پێی خۆش بوو. ناومان ناو و بردمانەوە بۆ ماڵەوە.

(بێدەنگی)

(بە غەمبارییەوە)

ڕۆژی دوایی هاتن و منداڵەکەیان لێ وەرگرتینەوە، دایکی منداڵەکە پەشیمان بووبوەوە و بەیانی زوو بە گریان خۆی گەیاندبووە نەخۆشخانەکە و داوای منداڵەکەی کردبووەوە.

(پیاوەکە، جانتاکەی هەڵدەگرێت و بەرەو لای چەپی شانۆ دەڕوات، لە پڕ دەوەستێت و ئاوڕێک دەداتەوە، سەیرێکی دوور دەکات و دەچێتە دەرەوە)

**تاریکی**

## دیمەنی سێیەم

**ژن**

هەفتەیەکە ڕۆیشتووە، هەفتەیەکە خەونم پێوە نەدیوە و هەفتەیەکە نامەی بۆ نەناردوم. بۆ وەک جاران خەونی پێوە نابینم، بۆ ئێستا ئاوا بە زەحمەت خەوم لێ دەکەوێت. چاوم هەر لە دەرگاکەیە، بەردەوام لە پەنجەرەکەدا وەستاوم و سەیری دەرەوە دەکەم. هەموو ڕۆژێک وەک شێت پەلاماری پۆستەکانمان دەدەم، بەڵکوو نامەیەکی تۆی تێدا بێت! جگەرە لە دوای جگەرە دەیکێشم و هیچ دووکەڵێک نابینم. زۆرجار لە نیوەشەودا خەبەرم دەبێتەوە و دەرگای ژوورەکەمم بۆ نادۆزرێتەوە.

(وچانێکی درێژ)

(لە بەرخۆیەوە)

ڕۆمانییەکان دەڵێن، ئەگەر ژنێکت نەدۆزیوەتەوە بە ڕۆیشتنی وێران بیت، ئەوە تێکڕای ژیانت دۆڕاندوە! من باوەڕم بەوە نییە، وەلێ تۆ، تۆ لە بیرم مەکە، هەمیشە ئاوڕێک لە من بدەرەوە، بزانە کەسێک چاوەڕێتە. بزانە کەسێک لێرە هەموو شەوێک خەونت پێوە دەبینێت. نە گوناهی منە و نە هیی تۆیش،

ئێمە خۆمان وا دروست بووین، ئێمە خۆمان وا بێبەش بووین و ئەوەی هەڵیشمانگرتەوە، زوو لێیان سەندینەوە.

(وچانێکی زۆر کورت)

(بە نائارامییەوە)

ئیتر تێگەیشتین چیی تر نابێت هەوڵ بدەین، بگەڕێین و شەڕ لەگەڵ چارەنووسێک بکەین، کە بە ئێمە ناگۆڕدرێت. گوناهی من نییە.

(دەڕوات بۆ لای پەنجەرەکە، سەیری دەرەوە دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژوورەکە و دەچێت دەرگای دەرەوە دەکاتەوە و دایدەخاتەوە و دێتەوە بۆ ناو ژوورەکە)

گوێم لە دەنگی دەرگاکە بوو، کەس لە دەرەوە نەبوو، گوێم زرنگاوەتەوە. هەموو گیانم دێشێت، ئێستا باشترم، بە شەو ئازار زۆرم بۆ دەهێنێت. لەوە زیاتر ناتوانم لەمماڵەدا بە تەنیا بمێنمەوە، بەرگەی تەنیایی ناگرم و بەرگەی ئەوەیش ناگرم بیری ئەو بکەم. چاکترە بڕۆم. منیش وەک ئەو دەڕۆم، بەڵام بۆ کوێ و بۆ لای کێ؟ من ئەوم بە با سپارد، ئەی ئەو من بە چی دەسپێرێت؟

(بێدەنگی)

نامەوێ چیی تر بیر بکەمەوە، بیر لەو منداڵەی هەڵمانگرتەوە، بیر لەو ساتەی دڵمان زۆر خۆش بوو، ئەو ساتەیش، هەموو شتەکان تێکچوون و گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە و لە ژووری نووستنەکە بێدەنگ دانیشتین.

(وچان)

ئەو ساتەی سیمای تۆم لە تاریکییەکەدا بینی و فرمێسکەکان بە چاوتدا هاتنە خوارەوە. تۆ هەرگیز باسی هیچت نەکرد و نەشتدەهێشت من هەست بە هیچ بکەم. من هیچ حاڵی نەدەبووم، تۆیش هیچت نەدەوت و تەنها لەوێدا دەوەستایت و سەیری منت دەکرد. بە پەشۆکاوی پێدەکەنیت، لە بەرخۆتەوە فیکەت لێ دەدا و گۆرانیت دەوت.

(دەیەوێت گۆرانی بڵێت، دەوەستێت)

(وچانێکی کورت)

دەزانی لەو کاتەوە، ئێمە نەچووینەتەوە بۆ ئەو پارکە، پارکەکەی خۆمان. تۆ واتدەگوت، پارکەکەی خۆمان، پارکەکەی خۆمان.

(وچانێکی زۆر کورت)

(دەست دەهێنێت بە قژیدا)

لە بیرتە دەستت دەهێنا بە قژمدا و دەتوت، تۆ قژت زۆر جوانە، ڕەش و درێژ. سەیرێکت دەکردم و وەک ئەوەی گومان لە قسەکەی خۆت بکەیت، پێ دەکەنیت و دەتگوت، هەر بەڕاستی قژت زۆر جوانە. بۆنیشی خۆشە.

(پێدەکەنێت)

(وچانێکی کورت)

منیش دەمگوت بە ڕاست؟

(بە هەستێکی تژی لە خۆشەویستییەوە)

هەر تۆ قژیشت بۆ شانە دەکردم. من پێم دەگوتیت، چییە، کاتی خۆی دوکانی سەرتاشینت نەبووبێت و من نەمزانیبێت؟

(پێدەکەنێت)

لە بیرتە، منیش بە تۆم دەوت قژت جوانە. قژە درێژەکەت. تۆیش دەتگوت، من کاتی خۆی ئەکتەر بووم، بۆ ڕۆڵێک قژم درێژ کردەوە، ئیتر دوایی نەمتاشی و هەروا بە درێژی هێشتمەوە.

(ڕووناکی ژوورەکە کز دەبێت، لە دەرەوە گوێمان لە دەنگی دەرگاکەیە، کەسێک کلیلی دەرگاکە لە کێلونەکەدا دەجووڵێنێت، ژن هەڵدەستێت، بە گومانە و دەیەوێت بەرەو دەرگاکە بڕوات. لە جێگای خۆی وەستاوە و ناجووڵێت)

کێیە؟

(بێدەنگی)

ئەوە تۆیت؟

**تاریکی**

لەگەڵ بادا وەرە

**کارەکتەرەکان**

پیاو، تەمەنی لەنێوان ٣٠ بۆ ٣٥ساڵدایە
ژن، تەمەنی لەنێوان ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵدایە

**دیمەنی یەکەم**

**پیاو**

دەزانی هەست دەکەم چیی تر بەرگەی بیرکردنت ناگرم، یەکجار زۆر بووە، زۆر زۆر.

**ژن**

ویستم شتێک بڵێم، بیرم چووەوە. دەمویست بیڵێم، بەڵام نازانم بۆ بیرم چووەوە.

(بێدەنگی)

بیرم ناکەوێتەوە.

**پیاو**

شتێک؟

**ژن**

ئا، شتێک؟

**پیاو**

(لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات)

سەیرە، دوێنێ کە هاتم، ئەو درەختە گەڵای زۆری پێوە بوو، هەروەک درەختەکەی بەرانبەر پەنجەرەی ژووری نووستنەکەی من وابوو.

(وچان)

کەچی ئەمڕۆ سەیرم کرد، یەک گەڵای پێوە نەمابوو. لەپڕ ڕووت بووبووەوە.
(بێدەنگی)
ئەو درەختەی باخچەکەی بەرانبەر تۆیش، هیچ گەڵای پێوە نەماوە.

**ژن**

درەخت؟

**پیاو**

ئا، درەخت. ئەو درەختەی باخچەکەی بەرانبەر تۆیش.

**ژن**

ئەریّ سەما لە دڵەوە دەردەچێت؟

**پیاو**

بەڵێ.
(وچان)
نازانم، وا دەڵێن.

**ژن**

کێ؟

**پیاو**

چی، کێ؟

**ژن**

کە وا دەڵێن. کێن ئەوانەی وا دەڵێن؟

**پیاو**

عاشقەکان. سەما دەکەین سەرەرای ئازارەکان.

**ژن**

مەرگ نزیکە و من لە شوێنێکی دوور دەگەڕێم بۆ سەماکردن.

(هەردووکیان پێدەکەنن)

(وچان)

**ژن**

جارێکیان لە نەنکمم پرسی، باپیرم هیچ کات گوڵی بە دیاری بۆ هێناویت؟ نەنکم سەیرێکی کردم و گوتی، گوڵ! گوڵی چی؟

(وچانێکی کورت)

ئا، گوڵ، بۆ تۆ. ئەی ئەو تۆی خۆشنەدەویست؟ نەنکم بەو قسەیە زۆر پێکەنی، گوتم نەنە گیان بە چی پێدەکەنیت؟ گوتی کچم، هەموو ئەو سەرپۆشانەی باپیرت بۆمی کڕیون، گوڵدار بوون. هەردووکمان زۆر پێکەنین.

(پێدەکەنێت)

**پیاو**

بە چی؟

**ژن**

چۆن، بەچی! بە باپیرم.

**پیاو**

بۆ؟

**ژن**

لەبەر ئەوەی باپیرم زۆر عاشقی نەنکم بووە، هەمیشە بە نەنکمی گوتوە، لێت نزیک بکەومەوە، گوڵ دەگرم.

**پیاو**

ئێ منیش وەک باپیرت وام، ئەوە نییە بە ئاوی ئێوە گوڵ دەگرم.

(بێدەنگی)

**ژن**

لەگەڵ با وەرە. پێم گوتی لەگەڵ با وەرە، بە قسەت نەکردم.

**پیاو**

(بە چاوێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە سەیری ژنەکە دەکات)

هەندێک جار هێندە بیرت دەکەم، هەست دەکەم جەستەیەکی ترم پێویستە، جەستەیەک بۆ خۆم و جەستەیەکیش بۆ بیرکردن لە تۆ. تۆ نایەیت و منیش بەرگەی ئەم هەموو ڕێگا دوورە ناگرم. تۆ دەڵێیت لەگەڵ با وەرە و منیش دەڵێم بە با بێزار دەبم. من بیری تۆ دەکەم و تۆیش خەون بە باوە دەبینیت.

**ژن**

بیرم کردن.

(بێدەنگی)

بیری ئێوەم کرد. چەند پلەیەک لە سەروو بیرکردنەکەی ئێوەوە. بە ئەندازەی هەستکردن بە دوورییەکەی ئێوە بیرم کردن. گوتم لەگەڵ با وەرن. با لە پەنجەرەکانمەوە دێتە ژوورەوە و لەگەڵ تۆ خەبەرم دەکاتەوە، لەگەڵ تۆ دەمبات بۆ شوێنە دوورەکان.

(وچان)

**پیاو**

با، بۆ کوێ؟

**ژن**

ماسییەکان منیان ترساند. لە ترسی ماسییەکان نەنووستم، هەر شەو حەوزی ماسییەکانم بردە دەرەوە.

**پیاو**

ماسی؟

**ژن**

دەزانی ماسییەکان چییان دەکرد؟

**پیاو**

(بێدەنگی)

(بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات و سەیرێکی دەرەوە دەکات)

درەختەکان هیچ گەڵایان پێوە نەماوە. ئەمساڵ گەڵاکان هەر زۆر زوو وەرین.

**ژن**

(بە ترسەوە)

ماسییەکان منیان ترساند.

(وچانێکی کورت)

دەزانی چییان دەکرد؟ ماسییە مردووەکانیان دەخوارد. دیمەنێکی ترسناکی هەبوو.

(بێدەنگی)

دواتر ئێسکی ماسییە خوراوەکان لە ئاوەکەدا مابوون. ئاوەکە دەیجووڵاندن و دەیهێنان و دەیبردن. ئەو

ماسییانە، دوێنێ لە ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد، کەچی ئێستا تەنها ئێسک بوون. زۆر ترسام.

**پیاو**

دونیا بە جۆرێک سارد دەبێت، کە بەرلەوەی دڵخۆشیی بچێتە دۆخی پێکەنینەوە، دەیبەستێت.

**ژن**

(هەندێک تووڕەیە)

بۆ وا دەڵێییت؟

**پیاو**

من وا ناڵێم، کچە شاعیرێکی گەنج وایگوت.

**ژن**

بە تۆ؟

**پیاو**

چی بە من؟

**ژن**

ئەو کچە شاعیرە، وای بە تۆ گوت؟

**پیاو**

نا، بە من نا. نازانم بە کێی وتووە؟ لەوانەیە بۆ ئێسکی ماسییە مردووەکانی وتبێت. ئێسکەکانی نێو حەوزی ئاوەکە.

(وچانێکی کورت)

گیتارێکی بە دەستەوە بوو.

**ژن**

کێ؟

**پیاو**

کچە شاعیرەکە. لە پارکێک دانیشتبوو گۆرانیی دەوت.
(وچان)
(بەدەم گۆرانیگوتنەوە)
دونیا بە جۆرێک سارد دەبێت
بەرلەوەی دڵخۆشییەکە ببێتە خەندەیەکی گەش و
بەسەر لێوەکانەوە بنیشێت
دەیبەستێت
(پێدەکەنێت)
وەرە بۆ لای من، گوێت لێمە. وەرە بۆ لای من، تۆ ناتوانیت لە من دوور بکەویتەوە. من دەتوانم چاوەڕێ بکەم، لێرە. لە ژوورەکەی تۆ، یان لە دەرەوە و لەسەر کورسیی پارکەکە دادەنیشم. لەگەڵ با دێم. تۆ هەموو جارێک ناڵێیت لەگەڵ با وەرە؟ من زۆر لە با دەترسم، دەترسم با-یەک هەڵبکات و بمبات بۆ شوێنێکی تر و تۆم لێ بشارێتەوە. من لەگەڵ تۆ قسە دەکەم و دەبێت گوێم لێ بگریت. هەندێک جار هەست ناکەم دەتناسم.
(بێدەنگی)
زۆرم برسییە. حاڵم خراپە.
**ژن**
دوێنێ نەخۆش بووم، تام لێ هاتبوو. لە جێگەکەمدا کەوتم و حەبێکیشم خوارد، وەلێ هێشتا دەمتوانی بیر لە پەنجەکانی تۆ بکەمەوە.
(بێدەنگی)
تۆ دەمێکە لەنێو ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکەدایت، کە دەمێ ساڵە دەستی پێکردووە. هەموو شتێک تۆم

دەهێنێتەوە یاد، لە هەموو شتێک دەترسم، لە هیچ شوێنێک هەست بە ئارامی ناکەم و تەنها تۆم دەوێت.

(وچانێکی کورت)

(دوور دەڕوانێت)

ئەوانەی دەمەوێت، نین و ئەوەی نامەوێت، لێم نابێتەوە.

(بێدەنگی)

لە بیرتە دەتگوت، دەبێت هەر چرکەیەک، کە مرۆڤ تیایدا غەمبارە، بووەستێت. مرۆڤ نابێت غەمبار بێت، دەبێت لە کاتی غەمباریی مرۆڤدا، کاتژمێرەکان بوەستێنرێن.

(وچانێکی کورت)

دەی وەک جاران گۆرانییەکم بۆ بڵێ. سەرمامە، دەترسم دڵم لە سنگمدا ببێتە یەك پارچە سەهۆڵ. گۆرانییەکم بۆ بڵێ با چیی تر غەمبار نەبم.

**پیاو**

(گۆرانی دەڵێت)

دونیا بەجۆرێک سارد دەبێت
بەرلەوەی دڵخۆشییەکە ببێتە خەندەیەکی گەش و
بەسەر لێوەکانەوە بنیشێت
دەیبەستێت

**ژن**

(ژنەکە دەچێتە بەر پەنجەرەکە، سەیری دەرەوە دەکات)

لە بەردەم ئەم پەنجەرەیەدا، بەدەم چاوەڕوانیی تۆوە چەند سەیری وەرزەکانی ساڵم کرد، بەهار، هاوین، پاییز و زستان.

(وچانێکی کورت)

دارسێوەکان، دارئەرخەوان و گوڵەکان.

(بێدەنگی)

من هێشتا گەنجم، لەگەڵ ئەوەیشدا هەست دەکەم بەدەم چاوەڕوانییەوە پیر بووم، هەست دەکەم دەمێکە لێرەم و با بردوومی. لێرەم و لێرەیش نیم.

(دەگەڕێتەوە بۆ لای پیاوەکە)

دەی گۆرانیم بۆ بڵێ.

**پیاو**

(گۆرانی دەڵێت)

دونیا بەجۆرێک سارد دەبێت
بەرلەوەی دڵخۆشییەکە ببێتە خەندەیەکی گەش و
بەسەر لێوەکانەوە بنیشێت
دەیبەستێت

**تاریکی**

## دیمەنی دووەم

### ژن

تۆم دەوێت بۆ ژیان، نەک بۆ خۆشبەختی، تۆ خودی ژیانیت.

(وچانێکی کورت)

هەموو جارێک، کە دەڕۆیت، لە پەنجەرەکەوە سەیرت دەکەم، بە ژێر درەختەکاندا دەڕۆیت و هێدی هێدی لەنێو دارەکاندا ون دەبیت. ئای، کە چەندە تۆم دەوێت بۆ ژیان. ژیان بێ تۆ هیچ مانایەکی نییە.

(بێدەنگی)

هەفتەیەکە نەمدیویت، هەفتەیەکە با لە پەردەی پەنجەرەکانمی نەداوە. تۆ بە با تووڕە دەبیت و منیش لەگەڵ با-دا چاوەڕێی تۆ دەکەم.

(وچانێکی کورت)

بیرت دەکەم، زیاتر لە هەر وەختێک ئەوەم گوتووە. کە لێرە نیت، حەز دەکەم دەستی خودا بگرم و بیهێنم تا جێگای تۆی پێشان بدەم و هاوار بکەم تۆم بۆ بهێنێتەوە، یان من بۆ لای تۆ بەرێت.

(بە تووڕەییەوە)

خودا لە کوێیە، بۆ با-یەکم بۆ هەڵناکات، منیش لەگەڵ خۆی بەرێت. من تەنها منم، هەر ئەوەندە دەزانم، کە من منم.

(پێدەکەنێت)

لەبیرتە پێت دەگوتم ئەوە بکە، کە خەڵک بەرانبەر بە تۆ دەیکەن، منیش دەمگوت خەڵک چی بەرانبەر بە تۆ دەکەن، تۆ هەر پێدەکەنیت. ئێ چی بکەم؟ کە لە پێکەنینەکەت تەواو دەبوویت، دەتگوت، عاشقی منێک بە، کە عاشقی تۆیە.

(بێدەنگی)

(بە غەمبارییەوە)

عاشقی منێک بە، کە عاشقی تۆیە. هەفتەیەکە نەهاتووە، هەفتەیەکە کەس لە دەرگاکەی نەداوم، دەڵێی سرووشتیش لە جموجۆڵ کەوتووە، دونیا کشوماتە و هیچ هەوای نییە. ئەو لەگەڵ با دێت و هەر لەگەڵ بایش دەڕوات. لە بیرمە، کە بۆ یەکەمجار بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد، ڕۆژێک پێشتر لە کتێبخانەی زانکۆ بینیم، قسەمان کرد، پێکەنین و دوایی ڕۆیشت، لەپڕ گەڕایەوە و ژمارەکەمی وەرگرت. دەیوت تۆ خۆمم بیر دەخەیتەوە. بەو قسەیە زۆر پێکەنین. من خۆی بیر دەخەمەوە، ئێستایش نازانم مەبەستی چی بوو؟

(پێدەکەنێت)

(وچانێکی کورت)

(بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات)

بەدەم قسەکردنەوە لەگەڵ ئەو، پەردە شینەکەم ڕاکێشا، پەنجەرەکەم کردەوە و بایەکی فێنک، نەرم نەرم درەختەکانی دەجووڵاندەوە، ئەو شەوە مانگیش سەیر دەدرەوشایەوە، تیشکەکانی ئارام ئارام لە ژووره نیمچەتاریك و بێدەنگەکەی منی دەدا، هەروەک ئەوەی بە نهێنییەکەی نێوانی ئێمەی زانیبێت. دونیا لە دەرەوە، خەریک بوو تاریکی دەکرد، ژوورەکەی منیش تاریکتر. دەنگە نەرمەکەی ئەو و جریوەی چۆلەکەکان بێدەنگی ژوورەکەی شکاندبوو. من هیچم نەدەوت و هەر ئەو قسەی دەکرد، پێ دەکەنی و دەیگوت تۆ خۆمم بیر دەخەیتەوە. منیش پێ دەکەنیم. من خۆتت بیر دەخەمەوە، چ لایەنێکی خۆت، من چۆنم تا خۆتت بیر بخەمەوە. بە پێکەنینەوە گوتم، ئەوە بۆیە مەیلی هەموو ئەو شتانەم هەیە، کە تۆ حەزیان لێ دەکەیت، منیش هەستم پێکردووە.

(وچان)

سەیرە، کە تەلەفۆنەکەم داخستەوە ژوورەکەم بە تەواوی تاریک بووبوو، دەنگی ئەویش نەما و ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم. چەندان جار هەستام و چوومەوە بەر پەنجەرەکە، دەرەوە تاریک و بێ دەنگ، تەنانەت جریوەی چۆلەکەکانیش نەدەهات.

(بێدەنگی)

بۆ ماوەیەک نەمدییەوە، نە تەلەفۆنی کرد و نە لە زانکۆیش دەردەکەوت. نەشمدەزانی ناوی چییە.

پێکەنینم بە خۆم دەهات، دەمگوت دەبێت خۆی بیر چووبێتەوە، بۆیە منی وا زوو لە بیر چووەوە، کەی خۆی بیر کەوتەوە، منیشی بیر دەکەوێتەوە و دێتەوە بۆ لام. شەوان خەونم پێوە دەبینی، بەیانییان ئەوەندە ماندوو بووم، نەمدەویست لە جێگاکەم بێمە دەرەوە. فێری جگەرەکێشانیش بووم.

(بێدەنگی)

خەونم بە پاییزەوە دەبینی، پاییز وەرزێکی جوانە و هەست دەکەم بە پاییزان عاشقم، بەیانییان زوو دەچوومە دەرەوە و لە کەناری دەریاکەی نزیک ماڵی خۆمان دەوەستام، دونیا لە تەمێکی خەستدا دەنووست و منیش لەو تەمەدا دیار نەدەمام. بە تەنها لەسەر کورسیی پارکەکان دادەنیشتم و چاوم دەبڕیە تەمەکە.

(وەک ئەوەی بیەوێت قسەکەی خۆی بە خۆی ببڕێت)

(وچانێکی کورت)

جارێکیان ئافرەتێک هات و لەلامەوە دانیشت، وەک من دەیڕوانییە تەمەکەی بەردەمی خۆی، کتێبێکی بە کراوەیی بە دەستەوە بوو، سەیریشی نەدەکرد. لەپڕ بەبێ ئەوەی سەیرم بکات، وتی، منداڵت هەیە.

(وچان)

چاوەڕێی پرسیارێکی وا نەبووم لە کەسێکی نەناسراو، سەیرە! سەیرێکم کرد، بەڵام ئەو وەک ئەوەی لای منیشەوە هەر دانەنیشتبێت، سەیری بەردەمی خۆی دەکرد، بێ جووڵە دانیشتبوو. هیچ قسەیەکی تری نەکرد. هەر ئەوەندە، گوتی منداڵت هەیە؟ نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە!

(بێدەنگی)

نا، منداڵم نییە. من گەنجم و هێشتا شووم نەکردووە، حەزم لە منداڵە و دەمەوێت، کە شووم کرد، منداڵیش دروست بکەم. ئەی تۆ منداڵت هەیە. وەڵامی نەدامەوە، بێدەنگ بوو و کتێبەکەی دەستی داخست و سەیری ناو ئاوەکەی دەکرد.

(بێدەنگی)

(بە ئازارەوە)

من هەرگیز هەستم بە دایکایەتی نەکردووە. نازانم دایک چییە، نازانم دایکبوون چییە؟ تەمەنم دوو ساڵ بوو دایکم مرد و بێ دایک گەورە بووم. کە شووم کرد، مێردەکەم زوو نەخۆش کەوت. تووشی شێرپەنجە بوو، ئەویش مرد. منداڵم نەبوو. نە خۆم دایکم هەبوو، نە بوویشمە دایک.

(وچان)

بێدەنگ بوو، هیچیی تری نەوت، کتێبەکەی خستە جانتاکەیەوە و بێ جووڵە دانیشت. سەیری منیشی نەدەکرد. لە پڕ هەستا و ڕۆیشت، ئاوڕیشی نەدایەوە و زوو لەنێو تەمەکەدا ون بوو.

(بێدەنگی)

نازانم بۆ بە قسەکانی ئەو ئافرەتە شپرزە بووم، هەستم دەکرد سەرمامە و لەرزم لێهاتووە، بیری دایکمم دەکرد و نەمدەزانی چی بکەم. هەستام و ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. تا ماوەیەکیش هەر بە یادی ئەو ئافرەتەوە خەوم لێ دەکەوت. ئەو ئافرەتە وەک...

(قسەکە بە خۆی دەبڕێت)

ترسێکی لە دڵمدا دروست کرد و نەمدەوێرا بۆ کەسی باس بکەم.
(وچانێکی کورت)
لەپڕ تۆ هاتی. ئەو ڕۆژەی لە زانکۆ یەکترمان بینی.
(وچانێکی کورت)
ژیانی منت گۆڕی و لەپڕ دیار نەمایت. شەوی ڕابردوو، دوای یەك مانگ نەخۆشکەوتن، بۆ دوانزە سەعاتی ڕێك خەوێکی قووڵ بردمیییەوە، لەپڕ لە تەقەی سندووقی پۆستی دەرگاکە خەبەرم بووەوە. دڵم خەبەری دابوو، دەمزانی نامەی تۆم بۆ دێت، ڕێک لەناو جێگاکەوە بۆ لای دەرگاکە چووم. دەستوخەتی سەر نامەکەم نەناسییەوە، هەر لە بەردەم دەرگاکەدا دانیشتم و زەرفەکەم هەڵپچڕی.
(بێدەنگی)
کتێبێک و نامەیەک و ڕەفتەیەکی ڕەنگاوڕەنگت بۆ ناردبووم. بە پەلە نامەکەم خوێندەوە، کە پڕ بوو لە تۆ، لەنێو وشەکاندا گوێم لە قاقای پێکەنینەکەت بوو، باسی ئەو رەفتەیەت بۆ کردبووم، کە چۆن لە گەشتێکی خۆتدا بۆ ئاسیای دوور، لە چین لە ژنێکی قژ ئاڵۆسکاوت کڕیوە. کاتێک کڕیوتە منت هەر نەناسیوە، ئێستایش هەر وا بیر لەو ساتە دەکاتەوە، کە دەبێت پێش ناسینی من، هەر بۆ منت کڕی بێت.
(پێدەکەنێت)
(وچان)

ڕەفتەکەم کردەوە و بۆنم کرد، هەستم بە ئاوارەیی ڕەفتەکە دەکرد، هەستم دەکرد ئارەزووی ژنێکی ئاسیا دەکات، تا لە مل و سنگیەوە بئاڵێت.

(لە دەرگا دەدرێت)

(بێدەنگی)

**تاریکی**

## دیمەنی سێیەم

**پیاو**

هەفتەیەکە نەمدیوە، هەفتەیەکە بیری دەکەم، هەفتەیەکە گۆرانیم نەوتوە، هەست بە نائارامی دەکەم. وەک هەرزەکارێک تووشی ئێرەیی بووم! لەبیرمە لەلای ئەو دەموت: دەزانی هەست دەکەم چیی تر بەرگەی بیرکردنت ناگرم، یەکجار زۆر بووە، زۆر زۆر.

(وچانێکی کورت)

زیاتر لە بیرکردن بیرتان دەکەم. کەچی ئەوە هەفتەیەکە نەمدیوە؟ بە پارکەکەی بەردەمی ماڵەکەیاندا نەڕۆیشتووم، لە پەنجەرەی ژووری نووستنەکەیەوە سەیری دەریاچەکەم نەکردووە.

(بێدەنگی)

دواجار کە چووم بۆ ئەوێ، بە پارکەکەدا ڕۆیشتم، هەندێک بێلانە و بەدمەست لە ژێر درەختێکدا دانیشتبوون. ئافرەتیشیان لەگەڵ بوو، ئافرەتەکان بانگیان کردم، گوتیان وەرە پێکێکمان لەگەڵ بخۆرەوە، بەڵام دەبێت خۆت پارەکەی بدەیت. من پێکەنیم، پیاوەکانیش دەستیان کرد بە پێکەنین.

(پێدەکەنێت)
(بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە)
ئەویش زۆرجار بە من پێدەکەنێت، دەڵێم، تۆ خۆمم بیر دەخەیتەوە، کەچی ئەو پێدەکەنێت. چۆن چۆنی خۆتت بیر دەخەمەوە، بۆ خۆتت لە بیر چۆتەوە؟ وام پێ دەڵێت. من هەر ئەوەندە دەزانم، دەمەوێت شتێکی پێ بڵێم، شتێک.
(وچان)
بژین، مەبەستم ئەوەیە پێکەوە بژین، پێکەوە سەیری دەریاکەی بەر پەنجەرەی ژووری نووستنەکەمان بکەین. تۆم دەوێت بۆ ژیان، نەک بۆ خۆشەویستی، تۆ خودی ژیانیت.
(وچانێکی کورت)
تۆم دەوێت بۆ ژیان، نەک بۆ خۆشەویستی، تۆ خودی ژیانیت. ئەوە لە دێری ناو ڕۆمان دەچێت! تۆ خودی ژیانیت. ئەو وای پێ گوتم.
(وچان)
(بە دوودڵییەوە)
کە لە بەردەرگای ماڵەکەیاندا وەستام، لە دەرگاکەم نەدا، بەڵکوو ڕێک هاتمە خوارەوە و چوومە ناو پارکەکە، لەوێ لەسەر کورسییەک دانیشتم. سەیری پەنجەرەی ژوورەکەیم دەکرد، جار جار دەمبینی و لە ژوورەکەدا هاتوچۆی دەکرد. بۆچی وامکرد؟ بۆ لە دەرگام نەدا و گەڕامەوە؟ من خۆشم تێناگەم!
(بێدەنگی)

بە کەناری ئاوەکەدا پیاسەم دەکرد، لەپڕ بیرم کەوتەوە پێی گوتم.
(وچانێکی کورت)
منداڵ نیم، بەڵام تۆ دەستم بەر بدەیت ون دەبم.
(بێدەنگی)
بۆ وای وت؟ من هەر سەیرم دەکرد و پێ دەکەنیم. ون دەبیت؟ ئا، ون دەبم، تۆ نابێت دەست لە من بەر بدەیت؟
(وچانێکی کورت)
لەسەر کورسیی کەنار دەریاکە بێ جووڵە دانیشتم. بیرم لە باوکم دەکردەوە. کە لەگەڵ باوکم دەچوومە دەرەوە، دەستی توند دەگرتم، دەستی بەر نەدەدام، دەیوت با ون نەبیت. ئێ بابە خۆ من منداڵ نیم، ون نابم. با، ون دەبیت، تۆ هێشتا منداڵیت؟
(بێدەنگی)
منداڵ نیم، بەڵام تۆ دەستم بەر بدەیت ون دەبم.
(وچانێکی کورت)
ئاوڕێکم بەرەو ماڵەکەی دایەوە، گڵۆپی ژووری نووستنەکەی داگیرسابوو. هەستام و بێ پلان چەند بەردێکم فڕێ دایە ناو ئاوەکەوە. بەردەکان ئاوەکەیان شڵەقاند و چەند بڵق و بازنەیەکیان دروست کرد.
(پێدەکەنێت)
چ هەستێکی خۆش بوو، بەردێکی تریشم هاویشت. بە منداڵییش هەر وامدەکرد، بچووینایەتە کەناری هەر دەریایەك، خێرا بەردم دەهاویشتە ناو ئاوەکەوە. ئێستایش هەر منداڵم.

(بێدەنگی)
تۆ بڵێیت ئەو قسەیەی ئەو مەبەستی من نەبووبێت، تۆ منداڵیت، گەر دەستت بەر بدەم، ون دەبیت؟ ون دەبم، خۆ لەوانەیشە، ئەگەر ئەو دەستم بەر بدات، ون بم. تۆ خۆمم بیر دەخەیتەوە. ئێستا دەزانم بۆ، منداڵ نیم، بەڵام تۆ دەستم بەر بدەیت ون دەبم. ئەو هەر یەکەم ڕۆژ وای پێ گوتم. منیش هەست دەکەم، ئەگەر ئەو دەستم لێ بەر بدات ون دەبم. هەر منداڵەکەی جارانم و لە کەنار دەریاکە بەرد دەهاوێژمە ناو ئاوەکەوە.
(پێدەکەنێت)
(بێدەنگی)
با پێکەوە بڕۆین بۆ شوێنێک، هەر شوێنێک بێت، گرینگ نییە. من و تۆ.
(وچان)
کەچی ئەو هەر سەیری دەکردم، وەک ئەوەی نەمناسێت، وەک ئەوەی لە سەفەرێکی دوور گەڕابێتەوە و تواناى قسەکردنی نەمابێت. من چوومە بەر پەنجەرەکە، سەیری دەرەوەم دەکرد. چەند کەسێک لە تاریکییەکەدا دەجووڵانەوە و بەرەو پارکەکە دەڕۆیشتن. گوێم لە دەنگی ئافرەتێک بوو، سەرەتا وامزانی پێکەنینە. لەگەڵ پیاوەکان لە تاریکییەکەدا دیار نەما.
(بێدەنگی)
ئافرەتەکە دەگریا. تۆیش هاتیتە لای پەنجەرەکەوە. لە تاریکی زیاتر، هیچمان نەدی. بێدەنگییەکەی دوای گریانی ژنەکە ترسناک بوو، ئێمەیش هەر لە بەر

پەنجەرەکەدا بووین و هەواکە، لە پەنجەرە کراوەکەوە دەهاتە ژوورەوە و دەیدا لە دەموچاومان.
(وچان)
ئەو شەوە تۆ چەند جارێک خەبەرت بووەوە، نەتتوانی باش بنوویت، بەیانیش گوتت خەوی ناخۆشت زۆر دیوە. هەوڵتدا بۆم بگێڕیتەوە، بیرت نەهاتنەوە. گوتت هیچم بیر نەماوە. تۆ چوویتە دەرەوە و من لەسەر جێگاکە مامەوە. چاوم بڕیبووە ساپیتەکە و هەر بیرم لەو ژنە دەکردەوە. بۆ گریا؟
(بێدەنگی)
بە گریانی ژن دەترسم، کە ژن دەگری، من حاڵم خراپ دەبێت.
(قسەکە بە خۆی دەبڕێت)
دایکم هەمیشە دەگریا. کە باوکم مرد، دایکم دەیویست ژیان بوەستێنێت، هەمیشە دەگریا و دەیوت پەردەیماڵەکە دەگۆڕم، دەبێت پەردەکانیش ڕەش بن. گریانی دایکم بەشێک بوو لە ژیانی ئەو ڕۆژگارانە. ئەو دەگریا و ئێمە سەیرمان دەکرد. ئەو دەگریا و ئێمەیش دەگریاین.
(وچانێکی کورت)
لە پەنجەرەی ژووری نووستنەکەوە چاوم لێیەتی. چاوەڕێی منە، ناکرێت من ئاوا هەر لەخۆوە بڕۆم، ئێستا بەدوامدا دەگەڕێت، لە پەنجەرەکەوە سەر دەردەهێنێت و با-کەیش قژی دەجووڵێنێتەوە. لەگەڵ با وەرە. پێم دەڵێت لەگەڵ با وەرە. با تۆ دەهێنێت بۆ لای من. دەزانم، هەستی من و با هەمیشە وەک یەکن. من

و تۆ لەگەڵ با. ئەگەر بڕۆیت، دەتدەمە دەست با. لەگەڵ با وەرە و لەگەڵ با بڕۆرەوە.

(پێدەکەنێت)

(بێدەنگی)

من ڕقم لە بایە، بۆ لەگەڵ با بێم؟ من خۆم دێم.

(وچانێکی کورت)

بیرم لەو دەکردەوە، بە تەنها لە بەر پەنجەرەکەدا وەستاوە، قژی بەرداوەتەوە و چاوەڕوانە. زۆر بچووک دیار بوو، لە پەنجەرەکەوە. منیش لە تەنیشتییەوە وەستا بووم. ئەو ئێوارەیەی پێکەوە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەریاکەمان دەکرد. من و ئەو. گوێم لە هەناسەی ئەو و شەپۆلی ئاوەکە بوو. من گوتم، حەزم لە دەنگی ئاوە، ئاوی دەریا، کە شەپۆلەکانی دەنێرێت بۆ کەنارەکان.

(بێدەنگی)

(گۆرانی دەڵێت)

دونیا بە جۆرێک سارد دەبێت
بەرلەوەی دڵخۆشییەکە ببێتە خەندەیەکی گەش و
بەسەر لێوەکانەوە بنیشێت
دەیبەستێت

**تاریکی**

به تەنیا لەگەڵ بادا

**کارەکتەر**

ژن، تەمەنی لەنێوان ٥٥ بۆ ٦٠ ساڵدایە

## ژن

(ژنەکە بە چەپکێک گوڵەوە دێتە ژوورەوە، دەیخاتە گوڵدانێکەوە و لە پەنجەرەکەدا دایدەنێت، سەیرێکی دەرەوە دەکات و لە بەرخۆیەوە قسە دەکات)

لە بەردەم ئەم پەنجەرەیەدا، بەدەم چاوەڕوانیی تۆوە چەند سەیری وەرزەکانی ساڵم کرد، بەهار، هاوین، پاییز و زستان.

(وچانێکی کورت)

دارسێوەکان، دارئەرخەوان و گوڵەکان.

(بێدەنگی)

(سەیری گوڵەکە دەکات، دوور دەڕوانێت)

ئەوە ساڵێکە تۆ کۆچت کردووە. منت لەگەڵ با بە تەنیا بەجێهێشت.

(وچان)

مرۆڤ بەرگەی هەموو شتێک دەگرێت، ئەوەم لەوەوە بۆ دەرکەوت، ئەوەتا من بەرگەی بیرکردنێک دەگرم، کە زۆر لە من گەورەتر بوو!

(بەغەمبارییەوە)

تۆم دەوێت بۆ ژیان، نەک بۆ خۆشبەختی، تۆ خودی ژیان بوویت بۆ من.

(بێدەنگی)

لە دوای تۆ هەموو شتێک تاریک، بێدەنگ و ساردە.

(ڕووناکی کز دەبێت)

(گوێمان لە گۆرانییەکە دەبێت)

دونیا بە جۆرێک سارد دەبێت

بەرلەوەی دڵخۆشییەکە ببێتە خەندەیەکی گەش و

بەسەر لێوەکانەوە بنیشێت

دەیبەستێت

**تاریکی**

**کۆتایی**

## له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

١- شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨

٢- گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردییدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥

٣- ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٤- ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد

٥- پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٦- پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد

٧- شانۆی سوێدی، هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦

٨- مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧

٩- مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧

١٠- هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩
١١- شانۆی سوێدی، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠
١٢- لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، لێکۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠
١٣- چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠
١٤- تەرمیناڵ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١
١٥- پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣
١٦- ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤
١٧- پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤
١٨- ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥
١٩- تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢٠- هارۆڵد پینتەر، شانۆیەکی سیاسیی و گەمەی دەسەڵات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥
٢١- تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦
٢٢- لاش نۆرێن، هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦
٢٣- ئەنتوان چێخەف لە پلاتۆنۆڤ-ەوە بۆ باخی گێلاس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧
٢٤- ساڵێک لەگەڵ کیژۆڵەکەم، یاداشتنامە، ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠١٨
٢٥- من و تۆ لەگەڵ بادا، دەقی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠١٨
٢٦- خەونەنمایشێک، سەرەتایەک بۆ مۆدێرنیزم لە شانۆی ئەورووپیدا، ناوەندی تاڤ، ٢٠١٨

**بە سوێدی**

١- ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کاڵسۆن، ٢٠٠٨
٢- ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦
٣- دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سوێدی. ٢٠٠١